بسم الله الرحمن الرحيم

## پێرستی بابەتەکانی ژمارە ( ٢٥ ) :


| لاپەڕە | ناوی بابەت | ناوی ئامادەکار |
| --- | --- | --- |
| ٢ | کوشتن تاوانێکی چەپەڵی گەورەیە ،چ جای فێرخوازان بگرێتەوە !!! | سەرنوسەر |
| ٣ | نامەیەك بۆ برای غەریبم | بلال جلال |
| ٤ | پلەو پایەی ئافرەت لە ئیسلامدا | جوتیار اسماعیل |
| ٦ | یوسف ئاسا بە | إدريس محمود |
| ٧ | پێشێل کردنی حەقی ڕێگا | ئادەم عوسمان |
| ٨ | هەق لەهەمو کەس وەربگرە | ئومێد حەمزە |
| ١٠ | ئەبوو دووجانە وەکو هاوەڵێك | سەربەست عومەر |
| ١١ | ئایا تا ئێستا ئەم پرسیارانەت لەخۆت کردووە | ڕێناس محمد |
| ١٢ | پیلانەکانی شەیتان | زانست |
| ١٣ | ڤالانتاین بەناو جەژنی خۆشەویستی!! | سۆران عوسمان |
| ١٥ | دواهەمین میوان | پشتیوان حسن |
| ١٧ | سێ هۆکار بۆ بەختەوەری | محمد خضر |
| ١٨ | هەواڵێك لە مردنەوە | محمد نجم الدين |
| ٢٠ | ئەو ئافرەتە کێ یە کە موژدەی بەهەشتی پێدرا | هیوا محمد |
| ٢١ | خوێنەکانی لەشی ئافرەت وحوکمی هەریەکەیان لە ئیسلامدا (بەشی دووەم) | صلاح فائق |
| ٢٣ | پۆشاکی ئافرەتان لە ناو نوێژدا | هاوار عبدالله |
| ٢٤ | فەتوای زانای پایە بەرز شێخ محمد بن صالح العثيمين دەربارەی ڤالنتاین | زانست |


**تێبینـــی** : بۆ ئـەو فێرخـوازە ئازیزانـەی کـە دەیانـەوێت بابـەتیان بڵاوبێتـەوە ، زانسـت ئـەو دەرفەتـەیان بـۆ دەڕەخـسێنێت ، بـەڵام بابەتـەکانیان بـەپێی مـەرجی بڵاوکراوەکە بێت ، لەوانەش :

١ . بابەتی دووبارە نەبێت ... ٢ . ئەگەر وەرگیراوە ئاماژە بە نـاوی سەرچـاوە بکرێـت ... ٣ . تـا دەتوانرێـت کـورت و پـوختکراو بێـت ... ٤ . ئامادەکـار نـاوی خـۆی و کۆلێـژ و بەشەکەی بنووسێت ... ٥ . تایپکراو بێت .

بـە ڕەخنـە و پێـشنیارەکانتان بڵاوکراوەکـەتان دەوڵەمەندتر بکەن ... لە گەڵ ڕێزماندا .


بۆ دەستکەوتنی زانست سەردانی پێگەی ئەلکترۆنی :
www.ba8.org بکە.

سەرنووسەر :
**عدنان بارام . دەرچووی عەرەبی . صلاح الدين .**

**دەستەی نووسەران :**

جیهاد قادر/ فێرخوازی ماستەر – ز . قاهیرە
بلال جلال / دراساتی ئیسلامی
هێمن عبدالکریم / دەرچووی کۆمپیوتەری هەولێر.
صلاح فائق / دەرچووی ئەندازیاری سلێمانی
**هەڵەچن : هیوا محمد ( هیوا زیرەك ).**
تیراژ : ٥٠٠٠ دانە



**بنکەی سەرەکی دابەشکردنی بڵاوکراوەی زانست لە شاری کەلار**

**کتێبخانە و تۆمارگای بەهەشت – شەقامی گشتی - نزیك فلکەی ناو بازاڕ - تەنیشت چێشتخانەی شێروانە ٠٧٧٠٢٩١٢٦١٣**

# كوشتن تاوانێكی چەپەڵی گەورەیە ، ڕ جای فێرخوازانی پەیمانگا و زانكۆكان بگرێــتەوە !!!

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على رسوله محمد ﷺ ، وعلى آله وصحبه أجمعين ، أما بعد :

بێگومـــان یـەكێك لـەو تاوانـە هـەرە گـەورە و چـەپەڵانەی كـە ئـایینی ئیـسلامی پـیرۆز یاسـاغی لێكردووە و بەتووندی تۆڵەی دونیایی و قیامەتیشی بۆ دانـاوە ، كوشـتنی نەفسی بێتاوانـە بەناهـەق ، بـەڵكو گـەورەیی تـاوانی كوشـتنی بەناهـەقی وەكـو كوشـتنی هـەموو خـەڵكی سـەر زەوی دانـاوە ، هـەروەك خـوای پـەروەردگار فەرموویـەتی : ﴿ أَنَّهُ مَنْ قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا ﴾ ( المائدة : ٣٢ ) ، وە كوشـتنی كەسـی بـاوەڕداری بەگـەورە دانـاوە هـەروەك دەفـەرموێت : ﴿ وَمَنْ يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا ﴾ ( النساء : ٩٣ ) ، واتــە : بكـوژی تـاكی بـاوەڕدار بەئەنقەسـت جێگـای دۆزەخـە بەهـەتا هـەتایی ، ئەگـەر خوای پەروەردگار لێی خۆش نەبێت ، یان ئەو كوشتنە بەحـەڵاڵ بزانێـت ، و جێـی لێتووڕەبـوونی خـوای پـەروەردگارە و نـەفرینی كـردووە لـە ئەنجامـدەری و سزایەكی سەختیشی بۆ ئەنجامدەرانی داناوە .

وە زیـاد لەسـەر ئـەو هـەموو سـزایەش تـاوانی كوشتی بەهۆكاری پوچەڵبوونەوەی كردەوەكانی مرۆڤ دانـاوە ، ئەگـەر دەسـتبخاتە كوشـتنی پەیامبـەرێك یان كەسـانی فـەرمانكار بەچـاكەكاری ودادپـەروەری ، هـەروەك فەرموویـەتی : ﴿ إِنَّ الَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ وَيَقْتُلُونَ النَّبِيِّينَ بِغَيْرِ حَقٍّ وَيَقْتُلُونَ الَّذِينَ يَأْمُرُونَ بِالْقِسْطِ مِنَ النَّاسِ فَبَشِّرْهُمْ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ أُولَئِكَ الَّذِينَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَمَا لَهُمْ مِنْ نَاصِرِينَ ﴾ ( آل عمران : ٢١، ٢٢ ) .

بۆیـە لەڕوانگـەی ئـەم ئایەتانـەی كـە بـاس لەگـەورەیی تـاوانی كوشـتنی بەناهـەق دەكـەن و ئـەو ڕووداوەی كـە لـە مـانگی پێـشوودا ڕوویـدا و تێیـدا فێرخـوازێكی پـەیمانگای زانستە ئیسلامیەكان گیـانی لەدەسـتدا و چـەند هـاوەڵێكی برینـداربوون ، دەڵـێین : دەبێـت هـەموو فێرخـوازێكی پـەیمانگا و زانكۆكـان چرایەكی ڕووناككـاربن بـۆ چاوڕۆشـنكردنی تاكـەكانی كۆمەڵگا و ناساندنیان بەگەورەیی قێزەونی ئەم تاوانـە كە تـاوانی كوشـتنە ، و لەولاشـەوە كوشـتن و تیرۆركـرن نەبێت بەكۆسپ و ڕێگری لەپێش فێرخوازی و زانست ، چـونكە زانـستە چـرای ڕووناككـاری ئاسـۆی دوری گەلانە ، لە هەموو بوارەكانی ژیانیاندا ، بواری ئایینی بێت یان هەر بوارێكی تر ....

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ .

**سەرنووسەر**

**زانای پایەبەرز ابن القیم دەفەرموێت** :

**الإخلاص والتوحيد شجرة في القلب فروعها الأعمال، وثمرها طيب الحياة في الدنيا ، والنعيم المقيم في الآخرة ، وكما أن ثمار الجنة لا مقطوعة ولا ممنوعة فثمرة التوحيد والإخلاص في الدنيا كذلك . الفوائد ص٢٩٢ .**

**واتە : نیەتپاكی و یەكتاپەرستی درەختێكە لە دڵدا ، لق و پۆپەكانی كردەوەكانە، و بەرووبومەكەشی خۆشی ژیانە لە دونیا و نیعمەتی هەمیشەیی و بەردەوامە لە دواڕۆژدا ، وە وەكو بەرووبوومی بەهەشت چۆن نەبڕاوە و قەدەغە نەكراوە بەروبوومی یەكتاپەرستی و نیەت پاكیش وایە.**

# نامەیەك بۆ

**برای غەریب و نامۆ..**

**سڵاوی پاك و موبارەکی خودا ، سڵاوی ئیسلام و ئاشتی ، خۆشەویستی و برایەتی ، یەك دڵی و پاڵاوتەیی ، پێشکەش بە تۆی بەڕێز..**

برا ئازیزەکم... هەرچەن لە غەریبێکی دوور لە وڵات دەچی و کەسوکارت لا نیە ، بەڵام وشەی غەریب تەنها بۆ ئەوە نیە ، غوربەتی ئەم جارەت هی دوری نیە لە خەڵك و وەتەن ، لە خزم و خێزان ، لە دۆست و هاوەڵان ، نا.. نا.. ئەم جارەیان غەریب بوویت ، چونکە وا هەنگاوەکانی ئەم جارەت لە تاوان و لاڕێیی هەڵدەگریت و لە وڵاتی بێ ئاگایی کۆچ دەکەیت بۆ وڵاتی بە ئاگابوون و وریایی، لەو وڵاتەی نەهامەتی دەڕۆیت و ئاوڕ نادەیتەوە ، دەتەوێ بڕۆیت ، ڕۆشتنی یەك جارەکی ، ناتەوێ بژیت و بناسرێیت ، دەتەوێ بڕۆیت و غەریبی هەڵدەبژێریت ، ئای لەو کۆچەت چەند پێچەوانەی کۆچەکانی تری خەڵکە ، کۆچەکانی تری خەڵك نزیکەکان دەگرێنێ و هەست و خۆشەویستیان دەبزوێنێ ..! بەڵام ئەم کۆچەی تۆ بە پێچەوانەوە ، توندیان دەکات ، پەست و مەست ، تورە و زویر ، لاساریان دەکا ، لە جیاتی دڵ نەرمی و گریان ، هاوارت بەسەردا دەکەن و تورە دەبن ، تانە و تەشەرت لێ دەدەن ، بەبینینت سیس سیس دەبن...!! ئەوە بۆچی وات لێ دەکەن ..؟! خۆ تۆ هەر تۆی ، خۆ هەر خۆتی ....؟! تەنیایت بەسەردا دێنن ، و تاك دەتبینن...!! نامۆ و سەیر و وشك دەتبینن ...!! دەڵێن توندی ، ناپەسەندی ، کە تا دوێنێ هەر ئەتۆبووی کاك ئەفەندی..!!

بەڵام کاکە کۆچەرییەکەم ، تۆ نامۆنیت ، ئەوەندەش نەنگ و بێ بۆ نیت ، تۆ غەریبی ، با زیز بن لێت ، با پیس بن لێت ، با ببنە گوللە بارانی ڕێت ، خۆت چاکێ ، جوان دەزانی ، ئەوەی بۆ کۆچ.. نزیکانی دوردەبن لێی ، بەڵام ڕاستە کەوا دەڵێن:

**ئەوەی خودا بەدەست بێنێ چی لەدەست داوە..؟**

**ئەوەی خودا لە دەست بدات چی بەدەست هێناوە؟**

غوربەتی تۆ پشتکردنە لە سەرپێچی و تاوانەکانی رۆژگارت ، پەیوەست بوونتە بەفەرمانی پەروەردگارت ، ئێستاکە تۆ سەرقاڵی خودا لەخۆ ڕازی کردنی ، جا هەروابە ، چەسپاو و دڵ دامەزراوبە ، گوێ مەدە و هەر بەردەوامبە ، دوای ماوەیەك خۆت دەبینی خودا هیدایەتی داویت ، دەشیبینی چۆن بەڕێز بوویت ، بەڵام ئاممان نەکەی هەڵسوکەوتت لەگەڵ پێشترتا یەکسان بێت ، بزانە ئادابەکانی هەڵسوکەت و دین داری چەن سەنگینە ، بزانە وتەکانیان چەن ڕەنگینە ، بۆ ئەوەی جوان و گەورە بیت..

وە بەڕاستی ئەو کەسەمان کە وەسفەکانی سەلەفی صالح دەزانێت ، چاك ئاگای لە خۆی دەبێت و جوان دەزانێت چ کارێك دەکات براکەم..

جا داواکارم خودا لە غوربەتا بمان بورێ و سەرمان بخات بەسەر ناهەموارییەکاندا.. ئامین

ن: بلال جلال حداد / دەرچووی فیزیا

---

**بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی جەرگ هەژێنی بەشە ناوخۆیی فیردەوسمان بیست ،و جێگەی تاسانو خەممان بوو، بۆیە ئێمە لە ستافی بڵاوکراوەی (زانست)، بە پەرۆشەوە دەروانینە ئەم ڕوداوەو خوازیاری لێکۆڵینەوەی وردیشین، هەروەکو داواکاریشین لە خوای میهرەبان قوربانیانی کۆچکردوو ببەخشێت ،وبیانخاتە بەر لوتف ومیهرەبانی خۆیی ،و شیفای بە پەلەش بۆ برینداران بنێرێت، و سەبووری گشت لایەکیش بدات، دووبارە خەمبارو هاوسۆزتانین ..**

**ستافی بڵاوکراوەی زانست**

## پلە و پایەی ئافرەت لە ئیسلامدا

ئەگەرچاوێك بە مێژوودا بگێڕین بزانین ئافرەت چۆن سەیرکراوە لەلایەن میللەتانی پێش ئیسلامەوە،دەبینین کە بە تێگەیشتنێکی پڕو پووچ، و تێڕوانینێکی پێچەوانەی سیستەمی یاسای ژیان سەیری ئافرەت کراوە ، وکردوویانە بە قوربانی سەرجەم بوارەکانی ژیان و چەوسێندراوەتەوە، نەك هەر وەك مرۆڤ بەڵکو وەك ئالەتێك سەیر کراوە و بە چاوێکی سوکەوە لە ئافرەتیان ڕوانیوە...لای میصریە کۆنەکان پاشای وڵات بۆی هەبوو کچی خۆی یان خوشکی خۆی بخوازێت ، عادەتیان وابوو کە ساڵانە ڕۆژێکیان هەبوو جوانترین ئافرەتیان تێدا هەڵدەبژارد و لە ئاهەنگێکی جەماوەریدا فڕێیان ئەدایە ناو دەریای نیلەوە بە هیوای ئەوەی نیل وشك نەکات ، قوڕ بەسەر ئەم ئافرەتە..هەروەها فەیلەسوفێکی وەك (ئەفلاتوون) ئافرەتی تەنها بە ئامڕازی منداڵبوون دەزانی ،لە کتێبی ( مدينة فاضلة) کەیدا وێنەی ئافرەت وەك مێینەیەکی گیاندار باس دەکات کەتەنها بۆ زاوزێ دروست کراوە، ئافرەت لای بابل و ئاشوورییەکان حوکمی ئاژەڵی هەبوو، دەکرا بە قوربانی تاوانی کەسانی تر، لای فارسەکانیش لە ماوەی سوڕی مانگانەدا ئافرەتیان سجن دەکردو بەبێ نان و ئاو، نەدەبوو کەس بیان بینێت، لای عەرەبەکانیش ئافرەت هەر لە منداڵیەوە زیندە بە چاڵ دەکران، لە فەرەنساش لێکۆڵینەوەیان کرد دەربارەی ئەوەی کە ئافرت مرۆڤە یان مرۆڤ نیە!! لە کۆتایدا وتیان ئافرەت مرۆڤە ، بەڵام بۆ خزمەتی پیاو دروستکراوە، لە قانوونی ئینگلیزیشدا تا سەدەی ١٩ ئافرەت بە هاوڵاتی نەدەژمێردرا، لە یاسای ئەمەریکا ئافرەت وەك ئالەتێکی بازرگانی بەکارهێنانی بۆ ڕیکلام و گەرمکردنی بازاڕەکان بەکاردەهێنرێت...بەگشتی ئەمە بوو پلە وپایەی ئافرەت بەر لەوەی ئیسلام بێت ، بەڵام کاتێك ئیسلام هات پلەو پایەکی تایبەتی بۆ ئافرەت دانا، وە فەرمانیشی کرد دەبێت بە نەرموو نیانی هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت ، چونکە بەلای ئیسلامەوە ئافرەت بناغەی خێزانە ، وە بەردی بناغەیە لە بنیاتنانیدا،ئەو دڵە خۆشەویستەیە کە قوڵپ دەدات بە هەستی سۆزو میهرەبانی و ئاسوودەیی، تێڕوانینی ئیسلام بۆ ئافرەت سەرچاوەیەکی ئاسودەی دڵنیایی و هێمنی و ڕاوەستانی دەروونیە ، کانیاوی میهرەبانی و سۆزو خۆشەویستیە بۆ مێردو منداڵەکانی، لەبەر ئەم هۆیانەشە کە پێداویستیەکی ئاسودەی و دەروونیە، چونکە بەردی بناغەیە لە دامەزراندنی کۆمەڵگای وڵات و ژیانی مرۆڤایەتی ، لە قورئانی پیرۆزیشدا ئافرەت بەم شێوەیە پلە وپایەیەکی بەرزی هەبووە..وەکو خوای میهرەبان دەفەرمووێت : (وَوَصَّيْنَا الْإِنْسَانَ بِوَالِدَيْهِ حَمَلَتْهُ أُمُّهُ وَهْنًا عَلَى وَهْنٍ وَفِصَالُهُ فِي عَامَيْنِ أَنِ اشْكُرْ لِي وَلِوَالِدَيْكَ إِلَيَّ الْمَصِيرُ) لقمان/١٤ . واتە: مرۆڤمان ڕاسپاردووە بە چاکی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ دایك و باوکیدا،دایکی هەڵی دەگرێت بە دووگیانی پێ ی لاوازدەبێت لاوازی لەدوای لاوازی دووساڵی ڕەبەقیش لەباوەشی بەخێوی کردوە وشیری پێداوە، جا ئەی مرۆڤ سوپاسی من بکە و سوپاسی دایك و باوکت بکە ، گەڕانەوەت بۆ لای منە، هەروەها ئیسلام بە یەکسانی مافی پیاو و ئافرەتی داوە، ئەوەتا لە قورئانی پیرۆزدا وشەی(الرجل و الرجال) ٥٦ جار هاتووە، وشەی (النساء و النسوة)٥٦ جار هاتووە ، هەروەها داوای لە پیاوان کردوە کە خێزانەکانیان خۆش بوێت و ستەمیان لێ نەکەن و پێداویستیە مادی و مەعنەوییەکانیان بۆ دابین بکەن،خوای گەورە دەفەرموێت : ( ....... وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ.......)) النساء /١٩. واتە: بە ڕەفتارێکی چاك و باش و پەسند هەڵسوکەوت بکەن لەگەڵ ژنەکانتاندا ، بۆیە خوای گەورە پیاو و ئافرەتی بەیەکسان داناوە لە بنچینەی دروست بوون و بەهای مرۆڤانەدا ، لە پاداشتی ڕۆژی دوایشدا وەك یەکن پاداشتیان بە پێ ی کردەوەکانیان دەدرێتەوە ، پەروەردگارمان

دەفەرموێت: (وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ.......) البقرة /٢٢٨.

واتە: چۆن دەبێت ژن گوێڕایەڵی مێردەکەی بێت و سەرپێچی نەکات لەکاری چاکەدا ، ئاواش دەبێت پیاو ڕێز لەژنەکەی بگرێت و بەخێوی بکات و ئازاری نەدات و بەڕەفتاری باش و پەسەند لەگەڵیدا بجوڵێتەوە.

هەروەها پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: (من كان له ثلاث بنات فصبر عليهن وأطعمهن،وسقاهن،وكساهن من جدته ، كن له حجاباً من النار يوم القيامة ) الأدب المفرد (٧٦ ) صحيح . واتە: ئەوەی سێ کچی هەبێت ئارام بگرێت لەسەریان، خواردن و ئاو جل وبەرگیان بۆ دابین بکات، ئەوا کچەکان دەبنە پەردە لە ئاگری دۆزەخ بۆ ئەوکەسە لەڕۆژی قیامەتدا.

هەروەها خوای گەورە دەفەرمووێت: ((فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ سَرِّحُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ)) البقرة / . ٢٣١

واتە: یان ژنەکانتان لای خۆتان ڕابگرن و ژیان لەگەڵیاندا بەرنە سەر بەچاکە و ڕەفتاری باش و پەسەند، یان ئازادیان بکەن و ڕێگایان بدەن بە جیابوونەوەو هەڵبژاردنی ژیانی تایبەتی خۆیان بە تەلاق دان، بەڵام دەبێت بە ڕەزامەندی پەسەندی هەردو لایەن تەڵاقەکە جێ بەجێ بکرێت و ئازار بە ژنەکە نەگەیەنرێت .

ئەگەر بەراوردێك بکەین لە نێوان مافەکانی ژن لە ئیسلامدا وە مافەکانی ژن لە یاسای ئەوروپیدا بە گشتی ،ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە شەریعەتی ئیسلام جۆرە مافێکی داوە بە ئافرەت کە لەهیچ یاسایەکی خۆرئاوادا پەیدا نابێت،هەروەها لە مێژووی ئیسلامدا ئافرەتی موسوڵمان پلەو پایەیەکی تایبەتی خۆیان هەبووە بەجۆرێك کە ئەو مافانە ئیستا ئافرەتانی خۆرئاوا هەوڵی بۆ ئەدەن و بە ئاواتەوەن بگەن بەو پلەو پایەی کە قورئان و ئیسلام بە ئافرەتی موسوڵمانی بەخشیوە ، ئەوانەی کە باس کران کۆمەڵێك دەق و تێگەیشتنی ئیسلامی بوون کە باسی ئافرەت دەکەن و بانگەوازی بۆ ڕێزلێنان لە ئافرەت و نقووم کردنی لە دەریایی هەست و سۆزو خۆشەویستی و میهرەبانی سەرپەرشتی کردن وگرینگی پێدان بەشێوەیەك کە لەسێبەری هیچ شارستانێتی و بنەڕەت و کۆمەڵگایەکی تردا بارودۆخێکی وەهای بەخۆیەوە نەبینیوە ، کاتێك ئیسلام باسی ئافرەت دەکات،دایك و ژن و کچ و خوشك هەر ئافرەتێك ، دان لەسەر ئەوە ئەگرێت کە ئافرەت شایانی میهرەبانی و چاکە و بەزەیی و خۆشویستنە...وە پێش ئەوەی بە نێرینە ڕاسپێردرێت بە مێینە ڕادەسپێردرێت کەلەگەڵیدا میهرەبانی بکرێت مرۆڤ ڕەچاوی بکات،وەخۆشویستنی ئافرەت دادەنێت بە دیاریدەیەك لە دیاریدەکانی بڕواهێنان ((الایمان))، نەك تەنها ئەمەش بەڵکو ئەو خۆشەویستیەی بەرز کردۆتەوە بۆپلەی ڕەوشتی پێغەمبەران (علیە السلام)..ئیتر خوشکە بەڕێزەکانم کاتی ئەوەنیە بیر بکەنەوە لەوەی ئیسلام چی بۆ نەکردوون !! لەوە زیاتر چاوەڕێ ی چین بۆ ناگەڕێنەوە ناو باوەشی ئیسلام!!ئەو پلەو شکۆمەندی و ڕێزەی ئیسلام بۆی داناون لە هیچ شوێنێکی ترنە بەدی کراوە وە نەدەستیشتان دەکەوێت....ئەوەندە گرینگیتان پێدراوە بەڵکو ڕێزو پلەو پایەی مرۆڤی بەستوە بە ڕێزگرتنی ئافرەتەوە...

**پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت :**
**ئەوەی سێ کچی هەبێت ئارام بگرێت لەسەریان، خواردن و ئاو جل وبەرگیان بۆ دابین بکات، ئەوا کچەکان دەبنە پەردە لە ئاگری دۆزەخ بۆ ئەوکەسە لەڕۆژی قیامەتدا.**

وأخر دعوانا ان الحمدلله رب العالمين.

جوتیار إسماعیل /دەرچوی دەرمانسازی/ سلێمانی

# یوسف ئاسا بە

الحمدلله وحده ، والصلاة والسلام على من لا نبي بعده : أما بعد :

زۆربوونی خراپەو بڵاوبوونەوەی لەشفرۆشی زۆرێك لە گەنجانی بەرەو هەڵدێر بردووەو هەندێکیشیانی تووشی زینا و داوێن پیسی کردووە ، کاتێکیش لەم گەنجانە بپرسین بۆ ئەو کارە دەکەن؟

دەڵێن : ناتوانین لەسەر قورسی پرۆسەی هاوسەرگیری و زۆربوونی خراپەو ڕووتی زۆرێك لە ئافرەتانو ئارەزووە زۆرەکانمان ئارام بگرین ، ئێمەش بۆ وەڵامدانەوەی ئەم گەنجانە – خوای گەورە هیدایەتیان بدات بۆ ڕەوشت جوانی – وە بۆ پەند وەرگرتنی هەموومان کورتەیەك لەو هۆکارانە باس دەکەین کە لەلایەن ژنەکەی پاشای میسرەوە بەکارهێنرا بۆ لە خشتەبردنی یوسف – علیه السلام – و ڕاکێشانی بۆ داوێن پیسی ، کە بەڕاستی مەکر و فێڵی ئەو ئافرەتە تاقیکردنەوەیەکی زۆر گەورە بوو بۆ یوسف ، و ئەگەر فەزڵ و بەخششی خوای گەورە نەبوایە ڕزگاری نەدەبوو ، گەورەیی ئەم تاقیکردنەوەیەش لەوەدا دەردەکەوێت کە هەموو شتێك ئاسان و فەراهەم بوو بۆ ئەوەی یوسف ئەو تاوانە ئەنجام بدات لەوانەش :

١ . ئافرەتەکە خۆی بانگی یوسفی کرد ئەمەش ڕێخۆشکارێکی گەورە بوو ، چونکە بانگ کردنی پیاو لەلایەن ئافرەتەوە وەکو بانگ کردنی ئافرەت نیە لە لایەن پیاوەوە ، کە ئافرەت بانگی پیاوی کرد ئەو کات ئەو لەمپەرە دەرونیانەی کە لەلای پیاو هەیە نامێنێت ، وەکو ترسان لە خۆبەدەستەوەنەدانی ئافرەتەکە یاخود هاوارکردنە کەسوکار و ... هتد .

٢ . یوسف لە ماڵەکەیاندا بوو واتە کەسێکی نامۆ نەبوو تاوەکو خەڵکی گومان لە چوونە ژوورەوەی بکەن.

٣ . ئافرەتەکە هەموو دەرگاکانی کۆشکی داخست کە ئەمەش ترسی ئەوەی نەهێشت خەڵکی پێیان بزانن .

٤ . هانی یوسفی دەدا بۆ ئەوەی ئیشە خراپەکەی لەگەڵ بکات .

٥ . یوسف گەنج بوو پاڵنەری زیناش لای گەنج زۆر زیاترە .

٦ . ئافرەتەکە گەورەی یوسف بوو دەبوو گوێڕایەڵی بوایە لە هەر فەرمانێك کە پێی دەکرد .

٧ . یوسف کۆیلە بوو پاڵنەری زیناش لای کۆیلە زیاترە وەك لە کەسێکی ئازاد ، چونکە کۆیلە هەر بە چاوی سووکەوە سەیر دەکرێت ، بۆیە لە ئابڕوچوون ناترسێت .

٨ . یوسف کەسێکی نامۆ بوو لە وڵاتی میسر ، کەسی غەریب و نامۆش لە ئابڕوچوون ناترسێت وەکو کەسێك کە خەڵکی وڵاتەکە بێت .

٩ . ئافرەتەکە جوان بوو ، پاڵنەری زیناش لەگەڵ ئافرەتی جواندا زۆر زیاترە .

١٠ . ئافرەتەکە خاوەن دەسەڵات بوو دەیتوانی ئەگەر یوسف ئاشکراش بێت بەرگری لێبکات .

١١ . مێردی ئافرەتەکە غیرەتی نەبوو ، چونکە سەرەڕای ئەوەش کە بە ژنەکەی زانی پێی وت داوای لێخۆشبوون بکە بۆ تاوانەکەت و کاردانەوەی خراپی نەبوو .

١٢ . ئافرەتەکە جگە لە خۆی مەکر و نازی ئافرەتانی تریشی بەکارهێنا .

١٣ . هەڕەشەی ئەوەی لە یوسف کرد کە ئەگەر زینای لەگەڵ نەکات ئەوا سجنی دەکات .

سەرەڕای هەموو ئەو ئاسانکاریانە یوسف – علیه السلام – کۆڵی نەدا و ئارامی گرت ، و داوای لە خوای گەورە کرد ڕزگاری بکات ، ئەویش وەڵامی دایەوە و ڕزگاری کرد .

دەسا گەنجانی بەڕێزمان یوسف ئاسا بە سەبر و ئارام بن ، و ڕەزامەندی خوای گەورە زاڵ بکەن بەسەر چێژێکی کەمی دونیاییدا کە لە پاش تەواو بوونی هەست بە بێزاری و پەشیمانی و بێتاقەتی و تاوانباری دەکەیت .

**إدريس محمود – دەرچووی یاسا**

# پێشێلکردنی حەقی ڕێگا

الحمدلله رب العالمين والصلاة و السلام علي رسول الله و علي اله وصحبه و سلم، اما بعد:

زۆر بەداخەوە دانیشتن لەسەر ڕێگا و تەسککردنەوەی ڕێگای خەڵك بۆتە دیاردەیەکی باو لەناو کۆمەڵگەکەمان ، بەتایبەت لەلایەن گەنجەکانمان دانیشتن لەسە ڕێگاو کۆبوونەوەیان ،وە بەتایبەت لەو ڕێگایانەی کە ئافرەت پێیاندا دەڕۆن، زۆر لە گەنجانمان بەهیچ شێوەیەك هەقی ڕێگا نادەن و وە دەبنە هۆی ئازاردانی خەڵکی پیادە، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە پێغەمبەری خوا(ﷺ)ڕێگری کردووە لەوەستان و دانیشتن لەسەر ڕێگا،ئەوەتا پێغەمبەری خوا(ﷺ)دەفەرمووێت:

(إِيَّاكُمْ وَالْجُلُوسَ بِالطُّرُقَاتِ). قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، مَا لَنَا بُدٌّ مِنْ مَجَالِسِنَا، نَتَحَدَّثُ فِيهَا؟ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): (إِذَا أَبَيْتُمْ إِلَّا الْمَجْلِسَ فَأَعْطُوا الطَّرِيقَ حَقَّهُ). قَالُوا: وَمَا حَقُّهُ؟ قَالَ: (غَضُّ الْبَصَرِ، وَكَفُّ الْأَذَى، وَرَدُّ السَّلَامِ، وَالْأَمْرُ بِالْمَعْرُوفِ وَالنَّهْيُ عَنِ الْمُنْكَرِ).

واتە: (نەکەن لەسەر ڕێگاکان دابنیشن) وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا چارەمان نیە و شوێنی دانیشتنمانە و وتو وێژی تێدا دەکەین؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (ئەگەر هەر دەتانەوێ دانیشن ئەوا حەقی ڕێگا بدەن). وتیان: ئەی حەقی ڕێگا چییە؟ فەرمووی: (چاوداخستن، ئازارنەدان، وەلأم دانەوەی سەلام، فەرمان کردن بە چاکەو کاری پەسەند، ڕێگری کردن لە خراپەو کاری بێزراو ناشایستە).

براکانم ئەوەتا پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕێگریمان لێدەکات لە دانیشتن لەسەر ڕێگا، وە کە هیچ چاریش نەبوو ئەمرمان پێدەکات کە هەقی ڕێگا بدەین، بەلأم ئایا گەنجانمان کە لەسەر ڕێگا دا ئەنیشن هەقی ڕێگا ئەدەن؟! بەدڵنیایەوە نەخێر ، چونکە زۆرینەی گەنجانمان لەسەر ڕێگاکان دا ئەنیشن و ڕێگا تەسك ئەکەنەوە، وە ئایا چاویان دا ئەخەن؟ بەدڵنیایەوە نەخێر، بگرە کاتێك ئافرەتێك تێپەڕ دەبێت لەبنی پێکانیەوە سەیری ئەکەن تاوەکو هەموو لاشەی، ئایا ئەمە هەقی ڕێگایە؟ وە ئایا کە لەسەر ڕێگاش دا ئەنیشن ئەمر بەچاکە ئەکەن؟ نەهی لە خراپە ئەکەن وەك چۆن پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەمری پێکردووین؟ بێ گومان نەخێر، بگرە خۆیان دەبنە هۆکاری خراپە و کاری بێزراوو ناشایستە ، زۆر لەوە خراپتر کۆبوونەوەی گەنجانمان لەبەردەم ناوەندەکانی خوێندن بەتایبەت وەستانیان لەو ناوەندانەی کە ئافرەت تێیاندا دەخوێنێت، بەمەبەستی ڕابواردن و ئازاردانی ئافرەتان و تەسك کردنەوەی ڕێگا لێیان وە پێوتنی تانە و قسەی نەشیاو بە ئافرەتان، وە هۆکارێکیشن بۆ دروست بوونی شەڕو ئاژەوە لەبەردەم ناوەندەکان ، کە ئەمانە گشتیان تاوان و پێشێلکردنی حەقی ڕێگایە.

برای شیرینم دڵنیابە وەستان لەسەر ڕێگا و ئازاردانی خەڵکی هیچ سوودێك بە تۆ ناگەیەنێت ، بگرە تەنها تۆیت ئەبیت زەرەرمەند،برای شیرینم کاتەکانت زۆر لەوە گرنگترن کە بەوەستان لەسەر ڕێگادا بەفیرۆی بدەیت، بیربکەوە ڕۆژێك دێت و پەنجەی پەشیمانی ئەگەزیت و ڕۆژێك دێت ئاوات بۆ تەنها یەك چرکە ئەخوازیت تاکو کردەوەیەکی چاکی تێدا بکەیت، ڕۆژێك دێت پێویستت بە تەنها یەك چاکەیە بۆ ئەوەی لە سزای قەبر و قیامەت بتپارێزێت، بگەڕێوە پێش ئەوەی ئەو ڕۆژە بێت پێش ئەوەی مردن بەرۆکت بگرێت ، ئەمڕۆ کاتت لەبەر دەستە ئەمڕۆ گەنجیت ئەتوانیت بەهەشت بەدەست بهێنیت ، بیربکەوە بە ئازاردانی هەر کەسێك بە قسە وتن بە هەر کەسێك چاکەیەکت بۆ ئەو کەسە ئەچێت و تاوانێکی ئەوت بۆ دێت،ئایا خۆت چاکەت ئەوەنە زۆرە؟ یان تاوانت ئەوەنە کەمن؟

وأخر دعوانا ان الحمدلله رب العالمين.

ئا:ئادەم عوسمان/پ.کۆمپیوتەر/رانیە.

# هەق لە هەموو کەس وەربگرە

الحمد لله رب العالمين والصلاة وسلام على نبيينا وعلى اله وصحبه اجمعين ، أَمَابعد:

**برای موسڵمانم ئەمەوێ ئەوە بزانیت کە حەق لە هەر کەسێکەوە هات کە زانیت حەقە ئەبێت وەری بگریت ، نابێت وەك جولەکە بین کە کاتێك حەقیان بۆ هات وەریان نەگرت ئەیان وت تەنها باوەڕ بەو کتێبە ئەکەین کەبۆ ئێمە دابەزیوە ، هەرچەندە ڕاستیان نەئەکرد وە خوای گەورەیش لە قورئاندا حاڵیان باس ئەکات.**

قال تعالى:{وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ آمِنُوا بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ قَالُوا نُؤْمِنُ بِمَا أُنْزِلَ عَلَيْنَا وَيَكْفُرُونَ بِمَا وَرَاءَهُ وَهُوَ الْحَقُّ مُصَدِّقًا لِمَا مَعَهُمْ قُلْ فَلِمَ تَقْتُلُونَ أَنْبِيَاءَ اللَّهِ مِنْ قَبْلُ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ}البقرة (٩١)

**بەڵگەیش لەسەر ئەوەی کە حەق لە هەرکەسێکەوە هات وەری بگرین ئەو فەر موودەیە یە کە لە صحیح بوخاریدا (فەرمودەی ژمارە٢٣١١)هاتووە ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێبێت بۆمان دەگێڕێتەوە (بەشێك لە فەرمودەکە) شەیتان لەسەر شێوەی ئینسان کە ئەبو هورەیرە بۆ سێیەم جار لە دزی کردندا گرتبووی ویستی بیبا بۆلای پێغەمبەری خوا ﷺ شەیتان پێی وت وازم لێبێنە چەند وشەیەکت فێردەکەم کە بەهۆیەوە خوا سودت پێ بگەیەنێت .**

**وتم:چین ئەوانە؟ وتی: ئەگەر چویتە سەر جێگای خەوتن ئایەتی کرسی بخوێنە لە لایەن خواوە پارێزەرێکت هەیە وە شەیتان لێت نزیك نابێتەوە تاڕۆژ ئەکەیتەوە،دەڵێ منیش بەرەڵام کرد، کە ڕۆژ بوو یەوە پێغەمبەر ﷺپێی وتم چیت لە ئەسیرەکەی دوێنێ کرد، منیش ڕووداوەکەم بۆ باسکرد ، پێغەمبەریش ﷺپێی وت ڕاستی پێت وتووە ، بەڵام درۆزنە وەپێیشی وت ئەوە شەیتان بووە .**

**حەقیش بریتییە لە قورئان و فەرمووده وە بۆ تێگەیشتن لەو دوانەیش پێ ویستە بزانین پێشینی ئەم ئومەتە چۆن لێی تێگەیشتوون ئێمەیش لەسەر ئەو تێگەیشتنەی ئەوان بین، نەك هەرکەسێ ئایەتێکت بۆ بێنێتو بڵێی بەڕای من واتای وایە ئەوە لێی وەر ناگیرێت.**

**وەرگرتنی حەق لەهەموو کەسێك ئەوە ناگەیەنێت گوێ بۆ هەموو کەسێك بگرین ، بەڵگەیش لەسەر ئەمە فەرموودەی پێغەمبەری خوایە ﷺ،** عائشة رضي الله عنها قالت: تلا رسول اللهﷺ هذهالآية {هُوَالَّذِيَ أَنزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ مِنْهُ آيَاتٌ مُّحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ فَأَمَّا الَّذِينَ في قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَاتَشَابَهَ مِنْهُ ابْتِغَاء الْفِتْنَةِ وَابْتِغَاء تَأْوِيلِهِ – إلى قوله – أُوْلُواْ الألْبَابِ } قالت : قال رسول اللهﷺ : (فإذا رأيت الذين يتبعون ماتشابه منه فأولئك الذين سمَّى اللهُ فاحذروهم ).٤٥٤٧صحيح البخاري.

**– لەعائیشەوە ڕەزای خوای لێبێت وتویەتی: پێغەمبەری ﷺئەم ئایەتەی ئەخوێندەوە(ئەوە ئەو خوایە یە کە قورئانی بۆ سەر تۆ دابەزاندوە (ئەی پێغەمبەر(ﷺ) ) لە ئایەتەکان تێیدایە ڕون و ئاشکرایە ئەوانە بنچینەی قورئانن ، وە هەنێکیشی تیایە واتای جۆراوجۆر هەڵدەگرن ، جا ئەوانەی لەدڵیان دا لادان هەیە شوێن ئەو ئایەتانە ئەکەون کە مانای جۆراو جۆر هەڵدەگرن بۆئەوەی خەڵکی توشی فیتنە بکەن و بۆ ئەوەی بەئارەزوی خۆیان مانای بکەن) دیکە عائیشە وتویەتی : پێغەمبەرﷺفەرموی( ئەگەر گەیشتن بە وانەی شوێن ئایەتی متەشابە دەکەون وریابن لێیان ئەوانەن خوای گەورە ناویناون (لە ئایەتەکەی سەرەوە).**

**نابێت بڵێین گوێی لێ ئەگرم چی حەقە ئەوەی لێ وەر ئەگرم ، ئەگەر شارەزاییەکی تەواوت نەبێ لە قورئان و فەرموده وە تێگەیشتنی پێشینی ئومەت بۆ یان.**

**✍عومەری کوڕی خەتاب رضي الله عنه فەرمویەتی : خۆتان بپارێزن لەو کەسانەی کە بە بیری خۆیان شت لێك دەدەنەوە ئەوانە دوژمنی سونەتن توانای لەبەرکردنی فەرموودەیان نییە بۆیە بە ڕای خۆیان قسە ئەکەن خۆیان گومڕا بوون وە خەڵکیش گومڕا ئەکەن.**

✍حەسەنی بەصری فەرمویەتی :لای کەسێك دامەنیشە کە شوێن کەوتەی ئارەزوەکان بێت دوای شتێك ئەخاتە دڵتەوە ئەگەر شوێنی بکەوی لەناوت ئەبات ئەگەر موخالەفەیشی بکەی دڵت تووشی نەخۆشی ئەکات.

✍ئەیوبی سوختیانی ئەیوت(یەکێکە لە پێشینەی ئەم ئومەتە) : ئەبو قیلابە پێی وتم (لای کەسێك دامەنیشە کە شوێن کەوتەی ئارەزوەکان بێت، چونکە من ئەمین نیم لەسەرت کە بتخاتە ناو تاریکیە کانی خۆیەوە ، وە ئەوەیشی ئەیزانیت لێت بگۆڕێت).

✍ئەیوب دە گێڕیتەوە کە جارێك پیاویك هاتە ژوورەوە بۆلای ابن سیرین وتی ئەی ئەبوبەکر ئایەتێك لەکیتابەکەی خوات بەسەردا ئەیخوێنم لەوە زیاتر هیچ ناخوێنمەوە و ئەڕۆم ، ابن سیرینیش پەنجەی خستە هەر دوو گوێی ، وە وتی: ئە گەر موسوڵمانی لە ماڵەکەم بڕۆ دەرەوە ، پیاوەکە وتی: ئەی ئەبوبەکر من لەوە زیاتر نا خوێنمەوە و ئەڕۆ مەدەرەوە ، ئینجا ابن سیرین بە توندی هەستاو خۆی پێچایەوە بۆ ئەوەی بڕواتە دەرەوە لە ماڵەکەی خۆی ، ئەیوب دەڵیت : ئێمەیش بە پیاوەکەمان وت بە خۆتا ناچیتەوە بە حەڵاڵی ئەزانی پیاوێك لە بەر تۆ ماڵەکەی چۆڵ بکات ، ئەڵێ ئیتر پیاوەکە ڕۆیشت ، وەئینجا ئێمەیش وتمان ئەی ئەبو بەکر چی ئەبوو ئەگەر ئایەتەکەی بۆت بخوێندبا ئەوسا بڕۆشتایە ،ئەویش وتی وەڵاهی ئەگەر بم زانیایە دڵم لەسەر ئەوە دەمێنێت کە لە سەرێتی ئاسایی بو ئەگەر بیخوێندایە بەڵام ترسام (بەشێوەیەك بیخوێنێتەوە) گومانێك بخاتە دڵمەوە چەندە هەوڵ بدەم بۆ ئەوەی دەری بکەم نەتوانم.

❁وتەکان زۆر لەوە زیاترە بتوانین لێرە باسی بکەین ، بەڵام گرنگ ئەوە یە تێبگەین کە سەلەف چۆن خۆیان لاداوە لە گوێگرتن لە ئەهلی ئەهوا ، ئەوەیش بزانە قسەی لە هەموو کەس وەر ئەگیرێت و ڕەدیش ئەکرێتەوە جگە لە پێغەمبەر خوا نەبێت نابێت هیچی لێ ڕەد بکرێتەوە.**ئومێد حەمزە / پەیمانگای تەکنیکی کەلار**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان**

**لە سوننەتەکانی خوای گەورە بۆ ئیمانداران ، ئەوەیە کە بەڕاستی هەرکاتێك بانگەوازی چاك و پاکیان دێتە بەرهەم و دەگاتە گوێی خەڵکی ، ئیتر بەڵا و ناهەمواری دەست پێ دەکات ، بۆ ئەوەی پاکیان بکاتەوە لە خڵتە و چاکیان بکاتەوە بۆ سەرەنجامی کارەکانیان ، دەبینی لێیان دەدرێت بە هەموو شێوازێکی لێدان ، جوێن و بوهتان ، درۆ و پڕوپاگەندە ، تەنانەت کار دەگاتە گرتن و کوشتن و بڕین ، سەرنوقم کردنی هەڵگرانی ڕێبازی خوایی ، ئای چەندە حەسرەت و نەدامەتن بۆ بکوژانتان ، بۆ دوژمنانتان ، بۆ شەیتانە ئینس و جنەکانی بەر ڕێگاتان...**

**مێژووی پاکتات ، کاری چاکتان ، گوفتاری پڕ میهر و جوانتان ، ئازاری گوێی پیسان دەدات ، چاوە ڕیپۆقاویەکانیان بۆ دەردەکات.**

**ئەی چاکە خوازینە ، دەم و وتەکانتان چەند نەخشینە ، چەند ڕەنگینە، تا ڕەمەزانێکتان دەکوژن ، ئێوە بە هەزاران ڕەمەزانەوە پێشوازیان لێ دەکەن ، تا شێخێکتان دەسوتێنن ، بە دەیانیان بۆ دەڕوێنن ، بشکێت ئەو دەست و پەنجەیەی دژی جوانیتان کاردەکات ، ڕقی پاکیتان نۆش دەکات ، لوتی خۆڵاوی و زمانی ماری بە ئازارتان ئاوا دەکات..**

**بەڵام موژدەتان لێ بێت ، پێش سەرکەوتن بە چەند ساتێ ، ئازاری ئەهلی جەهالەت دێتە ڕێتان ، باکتان نەبێ ، هۆکاری سەرکەوتنن بۆتان..**

**خودا سەبر و ئارامی بداتە هەڵگرانی ڕێبازی ئیسلام و سوننەت ، بانگەواز کارانی ڕێگای ئیسلام سەلامەت و سەرفراز بکات..ئامین...ئامین... ئامین**

**( ستافی زانست )**

## ئەبوو دووجانە وەکو هاوەڵێکی بەڕێز نەك وەکو نوشتەیەك !!

الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ، وَالصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ عَلَى أَشْرَفِ الْأَنْبِيَاءِ وَالْمُرْسَلِينَ نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ أَجْمَعِينَ.

**له پاشاندا: خوێنەرانی سەنگین با ئەبوو دووجانە وەکو صەحابەیەك بناسین؛ نەك وەکو نوشتە یەك، بۆیە بە پێویستم زانی بابەتێك لەسەر ئەم هاوەڵە بەڕێزەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) بنوسم، چونکە زۆر بە داخەوەم لە ناو کۆمەڵگەی ئێمە هەندێکمان ناوی هاوەڵەکان (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ) نازانین‌و ناشیان ناسین، بەڵکو بە شێوەیەکی تر تێی دەگەن‌و زۆر جاریش ئەم ناوانە لە شتێکی تر دەنێن، وەکو: یەکێك لەمانە ناوی هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەبوو دووجانەیە، کە تا ئێستا وەك نوشتە لای هەندێك دەناسرێت، نەك وەکو صەحابە!! ئەم تێگەیشتنەش لە لایەن دووژمنانی ئیسلام و تەوحیدەوە هاتووە، بۆ ئەوەی خەڵکی لە یەك خوا پەرستی بە دوور بخەنەوەو شەریك بۆ خوای گەورە دابنێن‌و پەیدا بکەن، جا زۆر کەسانێکی جادوباز ئەم نوشتەیە دەکەن کە ناویان ناوە:(نوشتەی ئەبوو دووجانە)! بۆ ئەوەی کە ئەو ژنانەی کە منداڵیان نابێ، یان: منداڵیان دەمرێت، پێیان دەڵێن: کە ئەم نوشتەیە یارمەتیت دەدات بۆ ئەوەی منداڵەکەت بژێت، یان: منداڵەکەت ببێت، کە لە ناو ئەم نوشتەیە چەندین وشەی نا بەجێ‌و ئیهانە بە قورئانیشی تێدا بە دی دەکرێ، بۆیە دەمانەوێ تیشکێکی خێرا بخەینە سەر ئەم هاوەڵە خۆشەویستە (رضي الله عنه)، لە پێناوی ئاشنایی خوێنەرانی ئازیز، ئەگەر کەمێکیش بێ کاریکی باشە، جا دەبینین چۆن پێغەمبەری خۆشەویستمان (ﷺ)، وەسفی دەکات کاتێك لە شەڕی ئوحودا، قارەمانانە شەڕی کردووەو پارێزگاری لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد، لەم شەڕەدا ئەبوو دووجانە پەڕۆ سورەکەی لەسەری بەست و شمشێرەکەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) بە دەستەوە بوو، ئەوەندە شەڕی کرد کە توانی درز بخاتە ناو موشریکەکانەوە، زوبێری کوڕی عەوام (رضي الله عنه)، فەرمووی: لەسەر شمشێرەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە دای بە ئەبوو دووجانە شتێك لە دڵمدا دروست بوو! کاتێك داوام کرد لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە شمشێرەکەم بداتێ کەچی نەیدا بە من‌و دای بە ئەبوو دووجانە، بۆیە لە دڵی خۆمدا گووتم: خۆ کوڕی حەفیەی پوریم (ﷺ)، و لە قورەیشم‌و پێش ئەویش داوام کرد، بڕیارم داو گووتم: دەبێت سەیری بکەم، جا شوێنی کەوتم، وبینیم پەڕۆ سورەکەی دەرهێناو سەری پێ بەست، ئەنصاریەکانیش گووتیان ئەوە تازە ئەبوو دووجانە پەرچەمی مردنی بەست، هەڵبەت ئەوەی پێی دەگەیشت دەی کوشت‌و زۆر ئازایانە شەڕی کرد، هەروەها کاتێك شەڕەکە کۆتایی هات‌و گەڕانەوە بۆ مەدینە پێغەمبەری خوا (ﷺ) شمشێرەکەی دا بە دەستی فاطیمەی کچی (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا)، وفەرمووی: کچم ئەم شمشێرە بشۆ با خوێنەکەی پێوە نەمێنێت، والله باش بە دەستمەوە هات، هەروەها پێشەوا عەلی کوڕی ئەبو تالبیش (رضي الله عنه)، فەرمووی: ئەم شمشێرەی منیش بشۆ بەڕاستی لەگەڵمدا ڕاستگۆ بوو ، وسوهەیبی کوڕی حەنین‌و ئەبوو دووجانەش، ڕاستگۆ بوون.**

**ئەمەیە وەسفی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، بۆ ئەبوو دووجانە، کە بەڕاستی حەقی شمشێرەکەی پێغەمبەریدا (ﷺ)، وە ئەمە بوو ئەبوو دووجانە، بۆ ئەوەی بی ناسین نەك ئەوەی کە چەند وەختە ناحەزان وێنایان کردبوو، بۆیە لە کۆتایدا داواکارم هەمووومان بە ئاگا بێینەوەو ڕووبکەینە تەوحیدو بە تەنها پەرستنی خوا؛ چونکە هەموو بوون‌و مردنێ بە دەست خوایە، نەك بە دەست نوشتەو هیچ شتێکی تر بێ، والْحَمْدُ للَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ.**

**سەربەست عومەر حەمەد، ی. پزیشکی.**

# ئایا تا ئێستا ئەم پرسیارانەت لە خۆت کردووە؟

**الحمدلله رب العالمين والصلاة و السلام على رسول الله و على آله وصحبه و سلم، أما بعد:**

خوشك و برای بەڕێزم ، گەر ئێستا لە هەر یەکێکێمان بپرسن ئامانجتان چیە لە ژیاندا و ئەتانەوێت تەمەنتان لە چیدا بەسەر بەرن؟؟؟ بێگومانم کە زۆربەمان ئەڵێین پەیمانمان داوە کە تەمەنمان لە چاکە و بەندایەتیدا بەسەر بەرین و خۆمان بۆ مردن ئامادە بکەین ! بەلاّم لە ڕاستیدا گەر بێت و سەیری کردەواکانمان بکەین سەیری هەڵسوکەوتمان بکەین بەداخەوە زۆر دوورە لەو ئامانجەی کە هەمانە ، خوشك و برای بەڕێزم بۆ ئەوەی ئێمە بەراستی هەوڵ بۆ ئەم ئامانجانە بدەین پێویستە ڕۆژانە ئەم پرسیارانە لە خۆمان بکەین.

**خوای گەورە هەمیشە دەرگای تۆبەی بەڕووی ئێمەدا کردۆتەوە ، بەلاّم ئێمە چی هەمیشە سەرپێچی ئەکەین وە کەی بەڕاستی گەڕاوینەوە بۆ لای خوای گەورە؟ خوشك و براکانم پێویستە هەمیشە ئەم پرسیارانە لە خۆمان بکەین،ئایا من ئەوەنە بەتوانام کە پێویستم بە خوا نەبێت ئاگادارم بێت؟**

ئایا گرەنتی لێخۆشبوونی تەنها یەك تاوان لە تاوانەکانت وەرگرتوە و ئایا دڵنیایت کە چاکەیەك لە چاکەکانت قبولّ بووە؟ نا واللە کەسمان دڵنیا نین لەوە، ئەی خوشکە باشەکەم، برا بەڕیزەکەم ئێوە چۆن جورئەتی ئەوە ئەکەن کە سنور و فەرمانەکانی خوای گەورە بشکێنن؟! باشە خوشك و براکەم چی وای لە ئێوە کردوە کە هەست ئەکەن زۆر پاکن و تاوانتان نیە؟ یان هەموو شتێکتان بە هەولّ و کۆششی خۆتان بەدەست هێناوە و نیعمەتەکانی خوای گەورەتان لەبیر کردوە؟ بۆچی چاوتان داخستوە لە ئاست ئەو هەموو میهرەبانیەی خوای گەورە؟ ئەوەتا خوای گەورە ئەفەرموێت:(يَا أَيُّهَا النَّاسُ أَنْتُمُ الْفُقَرَاءُ إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ هُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ (١٥) إِنْ يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ وَيَأْتِ بِخَلْقٍ جَدِيدٍ (١٦) وَمَا ذَٰلِكَ عَلَى اللَّهِ بِعَزِيزٍ (١٧)) الفاطر: ١٥-١٧" .

واتە: ( ئەی خەڵکینە ئێوە پێویستتان بەخوای گەورە هەیە، بەلاّم خودا هیچ پێویستیەکی بەئێوە نیە! چونکە ئەو دەوڵەمەندە و سوپاسکراوە، ئەگەر بیەوێت لە ناوتان دەبات و کەسانێك دروست ئەکات کە بیپەرستن و هاوەڵی بۆ دانەنێن، ئەمەش کارێکی گران نیە بەلای خوای پەروەردگارەوە).

گەر بیربکەینەوە هەر شتێك هەیە لە زەوی هەمووی نیعمەتەکانی خوای مەزنن و بۆ خزمەتی ئێمەن، بەلاّم ئێمە لەبەرامبەر ئەمانەدا چیمان کردووە بۆ ئەوەی خوای گەورە لە خۆمان ڕازی بکەین؟

خوای گەورە هەمیشە دەرگای تۆبەی بەڕووی ئێمەدا کردۆتەوە ، بەلاّم ئێمە چی هەمیشە سەرپێچی ئەکەین وە کەی بەڕاستی گەڕاوینەوە بۆ لای خوای گەورە؟ خوشك و براکانم پێویستە هەمیشە ئەم پرسیارانە لە خۆمان بکەین،ئایا من ئەوەنە بەتوانام کە پێویستم بە خوا نەبێت ئاگادارم بێت ؟ ئایا جگە لە خوای پەروەردگار کەسێکی تر هەیە داوای یارمەتی لێبکەم و لە هەموو کاتێکدا بێت بەهانامەوە و بێزار نەبێت لێم؟ ئایا کەسێکی تر هەیە لە هەموو هەڵەیەکم ببورێت؟ ئایا کەسێکی تر هەیە هەموو ناخۆشیەکانم لەسەر لاببات؟ زۆر پرسیار هەن کە بەداخەوە نە من و نە ئێوەش

لەخۆمانی ناکەین وائەزانین کە پێویستیان بە وەڵام نیە و زۆرئاسانن، بەڵام نازانین کە چەندە پێویستن بۆ بەرزکردنەوەی ئیمانمان،ئەگەر بپرسم و بڵێم ئایا خوای گەورەت خۆشناوێت؟وە ئاواتی ئەوە ناخوازیت کە لێی نزیك بیتەوە؟ئایا بەختەوەر و دڵخۆش نیت بە ڕەزامەندی ئەو؟

هەر لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا بە توڕەبونێکەوە ئەڵێیت چۆن خوای گەورەم خۆش ناوێت!!

باشە، بەڵام ئایا ئەم کارانەی کە تۆ ئەیانکەیت مانای خۆشەویستی ئەگەیەنێت؟!سوێند بەخوا ئەگەر ئەم سەرپێچیانەی کە تۆ ئەیانکەیت بەرامبەر خوای گەورە، بەرامبەر کەسێکی نزیکت بتکردایە هەرگیز ڕووت نەدەهات سەیری بکەیت و شەرمت ئەکرد بەبیستنی ناوی، بێئەوەی بیر لەوە بکەیتەوە کە ئەو کەسەش وەکو تۆ مرۆڤێکە!!ئەی کە وایە چۆن ئەتوانیت لە قیامەتدا لەبەردەم خوای گەورە بوەستیت؟ئاخر چۆن!! ئای لەو کاتە چەن شەرمەزاریت!! خوشك و برا بەڕێزەکانم والله ئێستا نە درەنگە نە زووە، تەنها هەوڵبەن و بیر بکەنەوە و کار بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە بکەن، کە ئایا ئەتوانیت داوای لێبوردن بکەیت لەوەی کە لەوە و پێش کردووتە؟ تکایە بگەڕێنەوە لای پەروەردگار و دان بە تاوانەکانتان بنێن و لە زیادەڕەویەکانتان پەشیمان ببنەوە.

لە کۆتایدا ئەمڕۆ ڕۆژی کارکردنە نەك لێپرسینەوە بەڵام سبەی ڕۆژی لێپرسینەوەیە نەك کارکردن.

وأخر دعوانا ان الحمدلله رب العالمين.

**ڕێناس محمد، زسلێمانی، ز.ئینگلیزی.**

## پیلانەکانی شەیتان

شەیتان پلە بەپلە لەگەڵ مرۆڤدا دێت ، و وازی لێ ناهێنێت تا تووشی نەکات، ئەوەش بەگوێرەی تاوان وسەرپێچی.

بۆ نموونە: لەسەرەتاوە هەوڵ دەدات مرۆڤ تووشی شیرك وهاوبەش بڕیاردان بۆ خوا بکات بۆ ئەوەی لەدین دەری بکات ،وبەهەتا هەتایی لەئاگری دۆزەخدا بمێنێتەوە وەکو خۆی، وەئەگەر لەمەدا سەرکەوتوو نەبوو بەندە توانی بەرگری لەخۆی بکات ئەوا هەوڵ دەدات تووشی کوفر ،وبێباوەڕی بکات ،ودڵڕەقی بکات تا ڕۆشنایی باوەڕوخواناسی لەدڵی دەردەکات، ودەبێتە تاریکستان، وە ئەگەر لەمەشدا نەیتوانی فریوی بدات ئەوا پلەیەك دێتەخوارەوەو هەوڵ دەدات تووشی بیدعەی بکات وئەوەی لەدیندا ئەسڵ وبنەڕەتی نیە بیهێنێتە کایەوەو شتگەلێك بۆ ئایین زیاد بکات کە خوا ،وپێغەمبەرەکەی فەرمانیان پێ نەکردووەو پێیشی ڕازی نین، چونکە بەهەمان شێوە هەموو داهێنانکاریەك سەرئەنجامەکەی ئاگرە، بەهەمان شێوە ئەگەر بەندە خۆڕاگربێت وزانستی پێبێت تووشی ئەوە نەبێت، ئەوا هەوڵ دەدات تووشی تاوانی گەورەی بکات(**کبیرە**) تا بەهۆیەوە فاسق بێت و ببێتە کەسێکی لەفەرمان دەرچوو وتاوانکار، وە ئەگەریش لەمەدا سەرکەوتوو نەبوو ئەوا هەر وازی لێ ناهێنێت هانی دەدات تووشی تاوانی بچووکی بکات وکەڵەکەی بکات لەسەری تا بەتەواوی تیابچێت وتاوان وگوناه بکاتە خولیاوئارەزووی، لەکۆتاییدا هەر وازی لێ ناهێنێت لەکاتێکدا ئەگەر بەندە لەباوەڕدارە پابەندەکان بێت بە ئایینەکەیەوە، ئەوا شەیتان لەدوا قۆناغیدا هەوڵ دەدات تووشی ئەو کارانەی بکات کە چاکەی بۆ نانوسرێت وخراپەیشی لەسەر نیە وتاوان نیە، بۆ ئەوەی بەندە کات وتەمەنی لەبەتاڵدا بباتەسەرو بێ نرخ بێت وبەزایە بچێت!!

**ئا/ زانست**

## ڤالانتاین بەناو جەژنی خۆشەویستی!!

الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ، وَالصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ عَلَى أَشْرَفِ الْأَنْبِيَاءِ وَالْمُرْسَلِينَ نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ أَجْمَعِينَ...

دیارە خۆشەویستی نێوان کوڕو کچ بە شێوازی نا تەندروستو نا شەرعی" یەکێکە لە پلانەکانی دوژمنانی ئیسلام کە خزاندویانەتە ناو کۆمەڵگەی ئیسلامی، بە بیانووی ماف تاکو گەنج، و هەر شتێکی تریش کە ناوی لێ دەنێن!! ئەمەش بۆ سەرگەردانکردنو وێڵکردنی گەنجی موسڵمانە، لە جیاتی ئەوەی بە دینەوە سەرقاڵ بێتو خەریکی زانستی شەرعی بێت، ئەوا بە دەیان نوسراوو شتی بێ کەڵکو سود سەرقاڵ دەکرێت، بگرە ڕاگەیاندنەکانیش بە ڕاگەیاندنی ئیسلامیشەوە ئەمڕۆ بانگەشەی خۆشەویستی نا شەرعی نێوان کوڕانو کچان دەکەن لە میانەی بەرنامەو زنجیرە دۆبلاژکراوەکانیانەوە، کە گەنجان بەرەو بەناو خۆشەویستیو پەیوەندی نا شەرعی دەبات، کە ئەمەش کۆتاییەکەی سەر گەردان بوونی هەردوو لای لێ دەکەوێتەوە، ئەوەتا ڕۆژانە چەندین نمونەی وا دەبیستینو دەبینین، ئایا ئەمەیە ماف تاک؟ یاخود ئەمە سەرگەردان کردنیەتی؟! یانیش داڕنینی گەنجە لە سیماو ئاکاری ئیسلامەتی؟!

یەکێکی تریش لەم نەهامەتیانەی کە ئەمڕۆ گەنجی موسڵمانی کوردو تێکڕای نەتەوەکانی تریشی پێوە خەریکو سەر گەردان بووە، (ڕۆژی ڤالانتاین)ە! یاخود: (ڕۆژی خۆشەویستی)! لەم ڕۆژەدا زۆربەی گەنجەکانمان نامەی خۆشەویستیو گوڵی سورو کارتی بەناو خۆشەویستی دەگۆڕنەوە، بەڵام بێ ئاگا لەوەی کۆتایی ئەم پەیوەندییە ناشەرعیە بە کوێ دەگات؟! بۆیە با بزانین ئەم ووشەی: (ڤالانتاین)ە، لە چیەوە هاتووە؟ ومێژووەکەی کەیەو هی چ دینو گەلێکیشە؟ ئەوەی لە بارەی ئەم ڕۆژەوە گوتراوە، ئەوەیە: ڕۆمانە کۆنەکان لە سەردەمی بت پەرستیدا خۆشییان دەردەبڕی بۆ جەژنێك کە پێی دەوترا: (لوبرکیلیا)، وە لەم جەژنەدا قوربانیان سەر دەبڕی بۆ خواکانیان کە بریتی بوون لە چەند بتێك، وە پێیان وابوو ئەم بتانە لە شەڕ دەیان پارێزن" بەڵام لە سەردەمی فەرمان ڕەوایی ئیمپڕاتۆری ڕۆمانی (کلودیوسی دووەم) لە سەدەی سێیەمی لە دایك بوون خاچ پەرستی گەیشتە ڕۆمانەکان، جا ئەم ئیمپڕاتۆرە ژنهێنانی لە لاوەکان قەدەغەکردو بە بیانوی ئەوەی ژنهێنان سەرقاڵیان دەکات لەو شەڕانەی کە دەیکات، وە بە بیانووی ئەوەی لاوەکان لە خێزان دارەکان سەبریان زۆرترە، بەڵام (قەشە ڤالانتاین) بەرگری لەم بڕیارەی ئیمپڕاتۆر کردو گرێبەندی هاوسەرگیری (عقد الزواج)ی سەربازەکانی بە دزیەوە لە کەنیسەکەیدا دەکرد، پاشان ئیمپڕاتۆر بەم کارەی زانیو داوای لە (ڤالانتاین) کرد واز لە خاچ پەرستی بهێنێو خواکانی ڕۆمان بپەرستێ، کەچی (ڤالانتاین) ئەم داوایەی ڕەت کردەوە، بۆیە لە ڕۆژی (١٤ فبراير)ی ساڵی ٢٧٠ لە دایك بوون شەوی جەژنی (لوبرکیلیا) لە سێدارە درا، لەو ڕۆژەوە نازناوی : (قديس:قەشە)یان لێ نا، بۆیە خاچ پەرستەکان لە جەژنی: (لوبرکیلیا) بە هۆی ڕۆژی لە سێدارە دانی (ڤالانتاین)ەوە جەژنیان دەگێڕا، دواتر جەژنەکە ناونرا: (ڤالانتاین) وە کردیانە ڕۆژێك بۆ زیندوو ڕاگرتنی یادی (ڤالانتاین)، کە لە پێناو مانەوەی لەسەر ئایینی خاچ پەرستی لە سێدارە دراوە.

بڕوانە: حەقیقەتی ڕۆژی ڤالانتاین، هاوار عبدالله:٢.

وە هیچ گومانیشی تێدا نیە کە ئەم ڕۆژە هیچ پەیوەندییەکی بە موسڵمانانەوە نیەو ناوی ئەم ڕۆژەش بەناوی: (ڤالانتاین)، لە ناوی قەشەیەکەوە هاتووە کە گاور بووە، کەواتە: یاد کردنەوەی ئەم ڕۆژە پەیوەندی بە گاورەکانەوەیەو فری بەسەر موسڵمانانەوە نیەو خوای گەورەش لە قورئاندا دەفەرموویێت:﴿ وَمَن يَبۡتَغِ غَيۡرَ ٱلۡإِسۡلَٰمِ دِينٗا فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡهُ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٨٥ ﴾، آل عمران. واتە: (هەر کەسێك هەر دینێکی تری

بوویێتو هەڵیبژێرێت جگە لە ئاینی ئیسلام، ئەوا لێی قەبوڵ ناکرێتو لە ڕۆژی دوایشدا لە خەسارەت مەندانە)، پێغەمبەری خواش (ﷺ)، فەرموویەتی: ((مَنْ تَشَبَّهَ بِقَوْمٍ فَهُوَ مِنْهُمْ))، صحيح الجامع الصغير وزياداته:٦١٤٩. واتە:(هەر کەسێك خۆی بە هەر قەومێك بشوبهێنێت ئەوە لەوانە)!!

**کەواتە: براو خوشکی بەڕێزم ئەگەر تەنها بە بەخشینی گوڵێکی سوریش بێت، یاخود کەمتریش لەوە بە ناردنی یەك نامە (SMS)یش، یانیش بە پۆشینی ڕەنگی سور وە یاخود بە بەستنی بۆینباخی سور بەشداری لەم ڕۆژە بکەیت، ئەوا تۆ خۆت چواندووە بە گاورەکان" چونکە تۆ یادی ڕۆژێکت کردۆتەوە کە هیچ پەیوەندییەکی بە ئاینی ئیسلامەوە نیە، و هەر شتێکیش پەیوەندی بە ئیسلامەوە نەبێت، تۆ وەکو موسڵمان نابێت بەشداری یاد کردنەوەو ئاهەنگ گێڕانی بکەیت.**

ئەگەر لێت بپرسم بۆ بەشداری لەم ڕۆژەدا دەکەیت؟ ڕەنگە بڵێی: من گەنجمو جارێ ڕادەبوێرمو دوای ئەوەی کە زەواجم کرد، یاخود چەند ساڵێکی تر دەگەڕێمەوە، جا کە وەڵامت بدەمەوە پێت دەڵێم: ئایا تۆ زەمانەتی کەمتر لە نیو کاتژمێری تری ژیانی خۆت دەکەیت؟ و ئایا تۆ دەزانی تا کەی لەم ژیانەدا بەردەوام دەبیت؟ بۆیە سود لەم کاتەی ئێستای تەمەنت وەربگرەو لە تاعەتو عیبادەتی خوای گەورە بەکاری بهێنە، هەروەکو پێغەمبەری خوا (ﷺ)، دەفەرموویێت:((اغْتَنِمْ خَمْسًا قَبْلَ خَمْسٍ: شَبَابَكَ قَبْلَ هَرَمِكَ، وَصِحَّتَكَ قَبْلَ سَقَمِكَ، وَغِنَاءَكَ قَبْلَ فَقْرِكَ، وَفَرَاغَكَ قَبْلَ شُغْلِكَ، وَحَيَاتَكَ قَبْلَ مَوْتِكَ))، صحيح الترغيب والترهيب :٣٣٥٥. واتە:(پێنج شت بە هەند وەربگرەو بیان قۆزەوە پێش پێنج شت ، گەنجیەتیت پێش ئەوەی پیرو بێ تاقەت بیت، وە لەش ساغیت پێش ئەوەی نەخۆش بکەویت، وە دەوڵەمەندیت پێش ئەوەی فەقیر بیت، وە کاتە بەتاڵەکانت پێش ئەوەی پڕ ئیشو بێ مەجال بیت، وە ژیانت پێش مردنت). کەواتە: براو خوشکی لاوم گەنجیەتیو تاقەتو هێزی ئێستات بە هەندو گرنگ بزانە، پێش ئەوەی پیر بیتو پەشیمان بیتەوە، سوپاس بۆ خوا کە تۆ ئێستا خاوەنی هێزو تاقەتێکی، بۆیە لە شتێکدا بەکاری بهێنە کە ڕۆژێکیش لە دەستتدا بۆی پەشیمان نەبیتەوە، وە وابکە ئەم کاتەی ئێستا کە هەتە لە شتێکدا بەکاری بهێنیت کە خوا لە خۆت ڕازی بکەیت" نەك وا بکەیت خوا لە خۆت توڕە بکەیت.

لێرەشەوە بیری خۆمو موسڵمانانیشی دەخەمەوە کە خوای گەورە ئاگاداری کردوینەتەوە لە دۆستایەتیوخۆشەویستی بۆ جولەکەو گاورەکانو ئەنجامدانی کارێکیش کە ببێتە هۆی ئەمە، هەروەکو فەرموویەتی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلْيَهُودَ وَٱلنَّصَٰرَىٰٓ أَوْلِيَآءَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُۥ مِنْهُمْ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ٥١ ﴾ المائدة. واتە : (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، نەکەن جولەکەو گاورو خاچ پەرستان بە دۆستی خۆتان دابنێن، ئەوانە هەندێکیان پشتیوانو دۆستی یەکترن، و هەر یەکێك لە ئێوە ئەوان بە دۆستی خۆی دابنێ ئەوا ئەویش لەوان دەبێت، بێگومان خوا هیدایەتو ڕێنموونی گەلی ستەمکار ناکات).

لە کۆتاییدا: داواکارم خوای گەورە ئەم کارە بچوکەمان لێ قەبوڵ بکاتو بیکات بە توێشویەك بۆ قیامەتمانو ببێتە بەرچاو ڕۆشنیەکیش بۆ لاوانو گەنجانی گەلەکەمان.

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ، وَصَلَّى اللهُ عَلَى نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ، وَعَلَى آلِهِ، وَصَحْبِهِ وَسَلَّمَ.

سۆران عثمان، دەرچوی بەشی ئامار، ز.صلاح الدين.

# دواهەمین میوان

الحمدُ لِلهِ رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آلهِ وصحبهِ وسلم...أما بعدُ:

خوێنەری بەڕێز ویەکخواپەرست: ئایا دەزانی دواهەمین میوان کێیە؟ وە ئایا دەزانی بەو سەردانەی بۆ لای بەڕێزت چی لێت دەوێ ومەبەستی چی پێتە و داوای چیت لێ دەکات؟

ئەو میوانە نایەت بەمەبەستی دەستکەوتنی شتێك لە ماڵ وسامانەکەت... یاخود بۆ بەشداری کردن لە خواردن وخواردنەوە لەگەڵتدا... وە یان بۆ وەرگرتنی یارمەتی وکۆمەکی بۆ ئەوەی قەرزەکەی بداتەوە... یان بۆ واستەکردن بۆ ئیش وکاری کەسێك... یان بۆ چارەسەرکردنی کێشەو ئاڵۆزیەك کە دەستەپاچەبووە لە ئاستیدا.

لەڕاستیدا ئەم میوانە دێت بۆ کارێکی گرنگ و باسێکی سنورداری ڕاستەقینە... نە خۆت وخانەوادەکەت ونە هۆزو عەشیرەتەکەت وبەڵکو هەموو خەڵکی سەر زەوی ناتوانن بیگەڕێننەوە بێ ئەوەی ئیشەکەی خۆی تەواو بکات وئەنجامی نەدات.

پاشان تۆ ئەگەر نیشتەجێی ناو کۆشك وتەلارێکی بەرزو توندوتۆڵیش بیت، خۆت پەنا بدەیت بە دیواری بەرگرو تەنانەت کۆشکی هەوربڕیش، پاسەوانی بەتواناو لێهاتوو وریاییت بکەن وئاگایان لێت بێت، هەرگیز ناتوانن ڕێگری لێ بکەن و تەگەرەی بۆ دروست بکەن، لەوەی بێتە لات و کاری خۆی ئەنجام بدات!!

بێگومان ئەو میوانەکاتێك بیەوێ بێتە سەردانت پێویستی بە فەرموو لێکردن وئیزن وەرگرتن نیەو بەڵێن وپەیمانی پێشوەختی ناوێت بۆ دیاری کردنی کاتی هاتنەکەی، بەڵکو لەهەرکاتێکدا بیەوێ دێتە لات و لەسەرهەر حاڵەت وشێوەیەك بیت، سەرقاڵ بیت یان بەتاڵ بیت، لەش ساغ بیت یان نەخۆش، دەوڵەمەند بیت یان هەژار ونەدار، لەسەفەردا بیت یان لەنێو ماڵ، بۆ ئەو گرفتێك نیە.

برای بەڕێزوخوشکی خۆپارێزم: ئەم میوانە دڵی نیە تاوەکو بەزەیی بەحاڵتدابێتەوەو بکەوێتە ژێر کاریگەری وشە غەمگینەکانت وگریان وناڵەتەوە، وە لە توانایشیدا نیە بۆ تەنها ساتێکیش مۆڵەتت بداتێ و ئامانجت بێتەدی، لەوەش زیاتر بەرتیل وهەدیە وبەخشیش وەرناگرێت ، بەڵکو ئەوانە هیچ نین بەلایەوە.

بەڕێزم ئەو میوانە تۆی دەوێت، و دەیەوێت لەم ژیانە دەرت بکات ولەگەڵ خۆی بتبات، ڕۆحت بکێشێ و جەستەت بمرێنێ، بەڵێ ئەو میوانە فریشتەی گیان کێشانە!!

خوای پەروەردگار دەفەرموێت﴿قُلْ يَتَوَفَّاكُمْ مَلَكُ الْمَوْتِ الَّذِي وُكِّلَ بِكُمْ ثُمَّ إِلَى رَبِّكُمْ تُرْجَعُونَ﴾(السجدة ١١) .واتە: ئەو فریشتەیەی گیان کێشانتانی پێ سپێرراوە گیانتان دەکێشێ ودەمرن، لەپاشان هەربۆ لای پەروەردگارتان دەگەڕێنەوەو پاداشت وتۆڵە وەردەگرن.

یان لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت : ﴿حَتَّى إِذَا جَاءَ أَحَدَكُمْ الْمَوْتُ تَوَفَّتْهُ رُسُلُنَا وَهُمْ لا يُفَرِّطُونَ﴾ (الانعام ٦١)واتە: جا کە وەختی مردنی یەکێکتان هات فریشتەکانمان گیانی دەکێشن، لەکاتێکدا ئەو فریشتانە لە جێ بەجێکردنی فەرمانەکانی خوادا هەرگیز کۆتایی وسستی ناکەن.

بەچی پێشوازی لەو میوانە بکەین؟

خوێنەری سەنگین بەم شێوازانە پێشوازی لێ دەکرێت وپێش وەخت ئامادەکاری بۆ دەکرێت:

- بە بڕوابوون بەخواو فریشتەکانی وکتێبەکانی وپێغەمبەرانی وڕۆژی دوایی وقەزاوقەدەر.

- بە پارێزگاری کردن لە ئەنجامدانی نوێژە فەرزەکان لەکاتی خۆیدا لە مزگەوت بەکۆمەڵ لەگەڵ هەبوونی خشوع وبیرکردنەوە لەواتاکانی نوێژ، بەڵام ئافرەتان لەماڵەوە باشترە بۆیان.

- بە دەرکردنی زەکاتی شەرعی لەکاتی خۆی وبەگوێرەی ئەو بڕو ڕێژەیەی کە شەرع دیاری کردووە.

- بەڕۆژوو گرتنی مانگی ڕەمەزان بەئومێدو چاوەڕوانی پاداشت وەرگرتنەوە.

- بەحەجکردن کە هیچ گوناه وتاوانێکت پێوە نامێنێت، وە عومرەیەك لە ڕەمەزاندا وەکو حەجێك وایە لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ .

- بە ئەنجام دانی سوننەتەکان، ئەوانەش ئەو پەرستشانەن کە جگە لە فەرزکراوەکان ئەنجام دەدرێت، خوای گەورە لە فەرموودەی قودسیدا دەفەرموێت" ولايزال عبدي يتقرب إليَّ بالنوافل حتى أُحبهُ".

- دەستپێشخەری کردن لە تۆبەو گەڕانەوە لەتاوان وخراپەکاری، و بەڵێن وپەیمان دان بەوەی چیتر کاتەکانت بەفیڕۆ نەچن وبەڵکو کاتەکانت بە استغفارو زیکرو قورئان خوێندن بەسەربەریت.

- بە ئیخلاص بۆ خوا وتەنها خوا مەبەست بوون لەهەموو کارێکتدا، و دوورکەوتنەوە لە ڕیاو خۆهەڵکێشان ، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا أُمِرُوا إِلاَّ لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ﴾ (البينة ٥)

بە خۆشویستنی خواو پێغەمبەر ﷺ کە ئەوەش بەدی نایەت تەنها بە شوێن کەوتنی کت ومت نەبێت بۆ سوننەت وبەرنامەی پێغەمبەر ﷺ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمْ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ (آل عمران ٣١)

- بە خۆشویستنی موسڵمان لەبەر خوا وڕق لێ بوون لەبەر خوا، دۆستایەتی لەبەر خواو دوژمنایەتیش لەبەر خوا، کە ئەمەش خۆشویستنی بڕواداران وڕق لێ بوون لە بێباوەڕان دەگرێتەوە.

- بە تەقوای خوا واتە: ترسان لەخواو کردەوەکردن بە قورئان وڕازی بوون بەکەم وئامادەباشی بۆ مردن کە ئەوەش حەقیقەتی تەقوایە.

- بە ئارامگرتن ودان بەخۆداگرتن لەکاتی بەڵاو ناخۆشیدا، وشوکرو سوپاسگوزاری لەکاتی خۆشی وکامەرانیدا، وهەست کردن بە چاودێری خوایی لەتەنهایی ولەناوخەڵکدا.

- بە پشت بەستن تەنها بەخوا، وەکو خوا دەفەرموێت :﴿وَعَلَى اللَّهِ فَتَوَكَّلُوا إِنْ كُنتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾(المائدة ٢٣)

- بە فێربوونی زانست و کردەوەپێکردنی وبانگەوازبۆکردنی وبڵاوکردنەوەی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَرْفَعْ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ﴾ (المجادلة ١١)

- بە پاراستنی زمان لە حەرامکراوەکانی وەك: درۆ و غەیبەت وفیتنەیی وجنێو و نەفرەت و ناووناتۆرەو گۆرانی وهتد پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت" من كان يؤمن بالله واليوم الآخر فليقل خيراً أو ليصمت"

**پشتیوان حسن کەرەم / دەرچوی ئینگلیزی – سلێمانی.**

**ئەهلی سوننەت : ئەهلی پێغەمبەری خودان ، ئەگەر چی لەگەڵ نەفسیدا نەژیابن ، خۆ لەگەڵ نەفەس و وتەکانیدا دەژین .**

## سێ هۆکار بۆ بەختەوەری دونیاو دوا ڕۆژ..

هەموو تاکێکی ئیماندار، ئاواتە خوازەو هەوڵ دەدات کە ژیانێکی خۆشی هەبێت لە دونیا، ودوا ڕۆژیش بەختەوەر بێ و بگات بە ڕەزامەندی خوای گەورە.

بۆیە با ووردبینەوە لەو سێ هۆکارەی کە شێخ محمدی کوڕی عبد الوهاب (رَحِمَهُ اللهُ) باسی کردوون و وەکو دوعاش بۆ فێر خوازەکانی فەرموویەتی:( وَأَنْ يَجْعَلَكَ مِمَّنْ إِذَا أُعْطِيَ شَكَرَ، وَإِذَا ابْتُلِيَ صَبَرَ، وَإِذَا أَذْنَبَ اسْتَغْفَرَ. فَإِنَّ هَؤُلاءِ الثَّلاثُ عُنْوَانُ السَّعَادَةِ): القواعد الأربع.

١. **إِذَا أُعْطِيَ شَكَرَ**، کاتێك خوای گەورە نیعمەتی پێبەخشی شوکرانەی بکەی:. بە پێچەوانەی ئەو کەسانەی کە نیعمەتی پێبەخشرا کوفرانە بژێری دەکات و سپڵەو بێ وەفا دەبێ بەرامبەری، وبە هی خوای گەورەی نازانێ؛ بەڵکو پێی وایە ئەوە بە زیرەکی و شارەزایی خۆی بەدەستی کەوتووە، هەر بۆیە لە ڕێگەی چاکە سەرفی ناکات، تا وای لێدێت ئەم نیعمەتە دەبێتە هۆکارێك بۆ بەد بەختی و سەر شۆڕی هەردوو دونیای، بەڵام ئەو کەسەی شوکرانەی نیعمەتەکانی خوای گەورە دەکات کاتێك پێی دەبەخشێ، ولە چاکەو خێردا سەرفی دەکات، سەر بەرزو دڵ خۆشی دەکات لەهەر دوو دونیا، خوای گەورەش دەفەرمووێت: ﴿وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكُمْ لَئِنْ شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ وَلَئِنْ كَفَرْتُمْ إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيدٌ﴾ إبراهيم:٧، واتە: (ئەو کاتەی پەروەردگارتان پێی ڕاگەیاندن ئەگەر لە بەرامبەر نیعمەتەکانمەوە سوپاسگوزاریم بکەن، ئەوا منیش نیعمەت و بەخششی خۆمتان بۆ زیاد دەکەم، وە ئەگەر بێباوەڕو سپڵەو پێ نەزانبن، ئەوا بەڕاستی عەزاب و سزام زۆر توندو سەختە).

٢. وَإِذَا ابْتُلِيَ صَبَرَ: ئەگەر تاقی کرایەوە بەهەر شتێك ئارام بگری:. خوای گەورە بەندەکانی تاقی دەکاتەوە بە چەندین شێوە، تاقیان دەکاتەوە بە فیتنەو بەڵاو نەخۆشی و لە دەست چونی سەرو ماڵ و منداڵ، و تاقیان دەکاتەوە بە دوژمنان و دوو ڕوەکان، بەڵام پێویستە ئارام بگرن و دڵگران نەبن، وە نابێ بێ ئومێدبن لە ڕەحمەتی خوای گەورە، ودەبێت ئەو تاقی کردنەوانە ببێتە هۆکاری زیاتر چەسپاویان لە سەر دینەکەیان، بە پێچەوانەی ئەو کەسانەی کە تاقی کرانەوە ئارام ناگرن و ناڕەزایی دەردەبڕن و بێ ئومێد دەبن لە ڕەحمەتی خوای پەروەردگار؛ چونکە ئەمەش دەبێتە هۆی زیادکردنی ناخۆشی و بەڵا، پێغەمبەریش (ﷺ)، دەفەرموێت:(( وإنّ اللَّهَ إِذَا أَحَبَّ قَوْمًا ابْتَلاهُمْ، فَمَنْ رَضِي فَلَهُ الرِّضَا، وَمَنْ سَخِطَ فَلَهُ السَّخَطُ))، رواه الترمذي وحسنه الألباني في صحيح الجامع :٢١١٠، واتە:(بەڕاستی خوای گەورە کە قەومێکی خۆشویست، ئەوا تاقیان دەکاتەوە، جا ئەگەر هەر کەسێك ڕازی بوو وئارامی گرت، ئەوا خوای گەورەش لێی ڕازی دەبێت، وە هەر کەسێکیش ئارامی نەگرت و ڕازی نەبوو، ئەوا خوای گەورە لێی توڕە دەبێت).

کەواتە: پێویستە لە سەرمان کە خۆمان ڕابێنین و ئارام بگرین کە توشی هەر تاقی کردنەوەیەك بوین؛ چونکە سۆزو بەزەیی خوا زۆرە بۆ بەندەکانی، دیاریشە کە خۆش بەختی وبەختەوەریش بۆ ئەو کەسانەیە کە لە خوا دەترسن.

٣. وَإِذَا أَذْنَبَ اسْتَغْفَرَ: ئەگەر سەر پێچی و تاوانی کرد، داوای لێخۆش بوون لە خوا دەکات:. بەڵام ئەو کەسانەی کە تاوان و گوناه دەکەن و پەشیمان نابنەوەو داوای لێ خۆش بوون لە خوای گەورە ناکەن، بەڕاستی ئەوانە بەد بەخت و چارە ڕەشن لە هەردوو دونیا، بەڵام مرۆڤی ئیماندار هەر کە توشی تاوان و سەرپێچی خوای گەورە بوو بە پەلە دەگەڕێتەوەو داوای لێخۆش بوون لە خوای گەورە دەکات، خوای باڵا دەستیش دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُوا أَنفُسَهُمْ ذَكَرُوا اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ وَمَنْ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا اللَّهُ وَلَمْ يُصِرُّوا عَلَى مَا فَعَلُوا وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾، آل عمران:١٣٥، واتە:(ئەوانەی کاتێك تاوانێك یان هەڵەیەك یان

کردەوەیەکی ناشیرن ئەنجام دەدەن یان ستەم لە نەفسی خۆیان دەکەن، بە پەلە یادی خوا دەکەنەوەو داوای لێ خۆشبوون دەکەن بۆ تاوانەکانیان، ئایا کێ لە گوناهەکان دەبورێ، جگە لە خوای گەورە؟! وە بەردەوام نابن لەسەر ئەوەی کردویانە لە کاتێکدا بزانن تاوانە). کەواتە: مرۆڤی بەختەوەر ئەو کەسەیە کە خوای گەورە نیعمەتی پێبەخشی شوکرانەی دەکا، وە ئەگەر تاقی کردەوە ئارامی لەسەر دەگرێ، وخۆ کە گوناهیشی کرد داوای لێ خۆشبوون لە خوای گەورە دەکات.

کەواتە: هەر کەسەو بە پێی ئەم سێ هۆکارە کامەرانی و خۆش بەختی دەست دەکەوێت، وە هەر کەسێکیش بێ بەش بێت لێیان، یان: لە یەکێکیان، ئەوا بەد بەخت و نا ئومێدو ماڵ وێرانە!

وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ .

محمد خضر إسماعيل، دەرچووی عەرەبی، زانکۆی ڕاپەڕین.

========================

# هەواڵێك لەمردنەوە

لەڕاستیدا براو خوشکەکانم مردن هەواڵی زۆری پێیە بۆ کەسانێك کەوا بێدارو بەئاگان ، لەمردندا وانەو پەندی زۆر هەیە بۆ کەسانێك کەوا دڵەکانیان هێشتا زیندووەو گیانی تیاماوە، هەواڵانێك کەوا جەرگبڕن و خۆشییەکان تێك دەشکێنن..خۆشەویستەکان لێك جیادەکەنەوە..مرۆڤەکان لەڕوناکییەوە دەگوازنەوە بۆ تاریکی..لە ناو کۆشك و تەلارەکانەوە بۆناو قەبری تەنگ و تەسك..دڵەکان نەرم دەکەنەوەو چاوەکان تەر دەکەن..بەراستی هەریەکە لەئێمە چاك دەزانێت هەر رۆژە و نۆرەی یەکێکمانە کەوا بەرەو گۆڕ ببرێن.. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پرسیارەکان..بۆ بەجێهێشتنی خۆشەویستان..بۆدابڕان لەئاوات و خۆزگەکان ..بەراستی ئەمانە کۆمەڵە دیمەنێکن کەوا پەندیان تیادایە بۆ کەسانێکی پەند لێوەرگر..بۆ یادخستنەوەی کەسانی بێدار..

ئادەی براو خوشکانم بابیربکەینەوە لە ئازارەکانی مردن.. لەساتەکانی دابڕان و لەدەستدانی خۆشەویستانمان.. لەتاریکی و تەنهایی ناو گۆڕ.. لەدرێژی و ناڕەحەتی پرسیارەکانی .. کاتێك خانەوادەکەت پێت دەڵێن شایەتومان بێنە.. جایان وەری دەگریت و دەیڵێیت یان ڕەتی دەکەیتەوە و ناتوانیت.. ئاڵەو کاتانەدا ئەی بەندەی خوا ڕاستی دونیاو ئەوانەی کەوا تیایدان دەزانیت..ئای چەندە سەیرە کەوا تۆ هەموو ئەمانە دەدرێت بەگوێتدا و گوێناگریت!!..وە بەبیرت دەخرێتەوەو ناترسیت و پەند وەرناگریت!!.. خوای پەروەردگار دەفەرموێت :

﴿وَاتَّقُوا يَوْماً تُرْجَعُونَ فِيهِ إِلَى اللَّهِ ثُمَّ تُوَفَّى كُلُّ نَفْسٍ مَا كَسَبَتْ وَهُمْ لا يُظْلَمُونَ﴾ (البقرة:٢٨١) واتە لەورۆژە بترسن کەوا تیایدا دەگەڕێنەوە بۆ لای خودا ، وەهەرکەسەو بەگوێرەی کارو کردارەکانی خۆی لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکرێت و کەسیش ستەمی لێناکرێت..

بەڕاستی هیچ شتێك ئێمەی سەرقاڵ نەکردووە تەنها ئاوات و تەمەن درێژی نەبێت..تەنها بریق و باقی دونیا نەبێت..تەنها سەرقاڵبوون نەبێت بە پلەو پایەی دونیاییەوە..نەخێر واز لەئاوات درێژی بهێنەو بێداربەرەوە..دوای نەفس و ئارەزووەکانی مەکەوە..وریابە باتەمەن درێژی فریوت نەدات..هەروەکو شاعیر دەڵێت:

تنام ولم تنم عنك المنايا      تنبه للمنية يانؤوم !!

نووستوویت و مردنیش چاوی لەتۆ نەبڕیوە ، ئاگاداری مردن بە ئەی نوستوو .

بەڕاستی بیرکردنەوە لەمردن نیشانەی ژیری و هۆشیاری مرۆڤە.. هەربۆیە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لەفەرمووودەیەکدا باسی مردنمان بۆدەکات و دەفەرموێت ((زۆربیربکەنەوە لەتێکشکێنەر و لەناوبەری خۆشییەکان)). وەجارێکیان پێغەمبەری خوا

گۆڕێکی بینی کەوا هەڵکەندرابوو لێی نزیك بووەوەو فرمێسك بەچاوەکانیدا هاتبۆوە خوارەوە و پاشان فەرمووی((**يا إخواني لمثل هذا اليوم فاعدوا** ))واتە ئەی براکانم بۆ ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆ خۆتان ئامادە بکەن.

وەهەروەها ئیمامی حەسەنی بەسری(ڕەحمەتی خوای لێبێت) جارێکیان مردوویەکی ناشت و پاشان ڕوی دەمی لەخەڵکەکە کردو فەرموو ((زاناترین و عاقڵترین کەس ئەو کەسەیە کەوا واز لەدونیا دێنێت پێش ئەوەی دونیا وازی لێبێنێت ، هەروەها گۆڕەکەی خۆی ڕوناك دەکاتەوە پێش ئەوەی تیایدا جێگیر ببێت ، وەخوای پەروەردگار لەخۆی ڕازی دەکات پێش ئەوەی بگات بەدیداری)).

دەبا برا وخوشکان تێڕامێنین لەو ساتانەی کەوا دەمانشۆرنەوەو کفنمان دەکەن..وە بەسەر دارەمەیتەوە هەڵماندەگرن..وەلەناو چاڵێکی تەنگدا فڕێمان دەدەن..لەسەرەوە دیوارێکی ئەستوور..لەخواریشەوە خاك و خۆڵی ڕەق..سەرین و پێخەفەکەمان هەرخۆڵە..بەبێ هیچ هاوەڵ و هەورێیەك..بەبێ هیچ عەشیرەت و خۆشەویستێك..ئالەو کاتەدا لاشەی نەرم و گۆنای ئاڵمان دەست بەهەڵوەرین دەکەن..وە ناو سك و سنگمان بۆگەن دەگرێت..ئێسکەکانمان دەست بەپوکانەوە دەکەن..کرم و مێروەکان دەست بەخواردنمان دەکەن..ئای چەندە دیمەنێکی ترسناکە؟!!

**بەڕاستی بیرکردنەوە لەمردن نیشانەی ژیری و هۆشیاری مرۆڤە.. هەربۆیە پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەفەرموودەیەکدا باسی مردنمان بۆدەکات و دەفەرموێت ((زۆر بیربکەنەوە لەتێکشکێنەر و لەناوبەری خۆشییەکان )).**

براو خوشکانم بەراستی لەچەندین فەرموودەدا هاتووە کەوا کاتێك موسوڵمانێك دەمرێت فریشتەکان بەکفنێك لەبەهەشتەوە دەیگوازنەوە بۆ ئاسمان و بۆنی میسکی پێوە دەکەن ، وە فریشتەکانی ئاسمان پێشوازی زۆر گەرمی لێدەکەن و بەخێرهاتنی دەکەن ، وە ئەو کەسانەی کەوا پێش ئەو مردوون لەخزم و کەس و کارەکەی ئەوانەی کەوا ئەهلی خێرو چاکەن بەخێرهاتنی دەکەن و مووژدەی خۆشی پێدەدەن ..بەلام ئەوانەی کەوا بێباوەڕبوون و لەسەر خراپەو تاوانکاری مردوون ئەگەر خوا لێیان خۆش نەبێت ئەوا فریشتەکان لەسەرەمەرگدا بەلێدان و ئەشکەنجەوە ڕوحەکەی دەردەهێنن و بەکفنێك لەدڕك کەوا بۆنێکی زۆر ناخۆشی لێدێت بەرزی دەکەنەوە بۆ ئاسمانی دونیا ، بەلام دەرگای ئاسمانەکانی بۆ ناکرێتەوە بەهۆی ئەو بۆن و بەرامە ناخۆشەی کەوا هەیەتی ، وە فریشتەکان و ئەهلی ئاسمانەکان نەفرەتی لێدەکەن و دوعای شەڕی لێدەکەن ،و هەر لەئاسمانیشەوە دەخرێتە خوارەوە بۆناو گۆڕەکەی خۆی و تاکو ڕۆژی دوایی لەناو چاڵێك لەچاڵەکانی دۆزەخدا ئەشکەنجە دەدرێت..

جابراو خوشکم ئایا جەستەی خۆشەویستی خۆت دەخەیتە بەر سزاو ئازاری خوایی ئەویش بەکارو کردەوەی ناشایستە و خراپ؟..یان لە ئەمان و دوربوون لەسزای خوادا جێگیری دەکەیت؟..کەواتە تەوبەیەکیڕاستگۆیانە بکەو وازبێنە لەخراپەکاری ..بیرو باوەڕت پاکبکەرەوە..پارێزگاری لەنوێژوو پەرستشەکانت بکە..ئاوات و خۆزگەکانت بدە بەدەستی پەروەردگاری بەتواناتەوە..وەلەنێوان ترس و ئومێد بەڕەحمەتی خوا بژی..لەگەڵ کەسانی ئیماندارو بە ڕەوشتدا کاتەکانت بەسەر بەرە..خێراکە بۆ چاکەکاری..وە ئارامگربە لەسەر حەق و ڕاستییەکان.

محمد نجم صالح/ کۆلێژی پزیشکی/ زانکۆی سلێمانی.

## ئەوئافرەتە کێ یە کە موژدەی بەهەشتی پێدراوە ؟

خوشکە ئیماندارەکان ئێمە لەرۆژێکدا دەژین سەرەڕای ئەوەی هیچ کەسێك نیە موژدەی بەهەشتمان پێ بدات کەچی لەبەرامبەردا زۆربەی ئافرەتان شوێن پێی ئافرەتانی غەیرە دین کەوتوونەو نازانن چی دەکەن ، خوای گەورەش پەنامان بدات بەرەو جەهەننەم رێگایان گرتۆتە بەرو هیچ کات پەشیمان نابنەوە لەو کردارانەی بەئەنجامی دەگەیەنن و لەو جل و بەرگەی لەبەر دەکەن و لەو رەفتارانەی لێرەو لەوێ ئەنجامی دەدەن ، لەبەرامبەریشدا ئافرەتانی پێشینی چاکی ئەم ئوممەتە هەمیشە بەدوای رازی بوونی پەروەردگاریان گەراون و داوای بەهەشتیانکردووە بەکاروکردارە چاکەکانیان ، بێگومان دوای رەحم و میهرەبانی پەروەردگار ، بۆیە تەنها نمونەی ئافرەتێك دەهێنینەوە کە لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا (صلی الله علیە وسلم) ژیاوەو بەهەشتی بۆخۆی مسۆگەرکردووە تەنها بەهۆی ئارامگرتن لەسەر ناڕەحەتی یەك لەو ناڕەحەتیانەی کەتووشی بەندەی ئیماندار دەبن ، ئەویش ئەوەیە کە ، لە ( عطاء ) ی کوڕی ( أبو ربَّاح ) فەرموویەتی : ( ابن عباس ) پێی فەرمووم : ئایا ئافرەتێکت پیشان بدەم کە لەبەهەشتدایە یاخود دەچێتە بەهەشتەوە ؟ منیش پێم گوت بەڵێ ، ئەویش فەرمووی : ئەو ئافرەتەیە ، دەگێڕنەوە ئافرەتەکە ناوی (دایکی زوفەر) بووە ، وە فەرمووی : ئەو ئافرەتە هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیە وسلم)و پێی فەرموو : من لەهۆش خۆم دەچم (بەهۆی دەست لێ وەشاندنی جنۆکەوە)و لەو کاتەشدا لاشەم دەردەکەوێت و جل و بەرگەکەم لەسەر لاشەم لادەچێت ، بۆیە لای پەروەردگار دوعام لەبۆ بکە ، پێغەمبەری خواش (صلی الله علیە وسلم) پێی فەرموو : ئەگەر دەتەوێت و دەتوانیت ئارام بگریت ئەوا بەهەشتت بۆ هەیە ، وە ئەگەریش ویستت هەیە ئەوا دوعات بۆدەکەم لای پەروەردگار تاوەکو چاك بیتەوە ؟ ئەو ئافرەتە ئیماندارە سەرەڕای ئەوەش فەرمووی : بەڵێ من ئارام دەگرم (واتە بەهەشتم دەوێت) ، بۆیە داوای لەپێغەمبەری خوا کرد (صلی الله علیە وسلم) تاوەکو دوعای بۆبکات تەنها لاشەی بەدەر نەکەوێت ، پێغەمبەری خواش (صلی الله علیە وسلم) دوعای بۆکرد ئیتر لەپاش ئەوە لاشەی بەدەر نەدەکەوت ".

خوشکە ئیماندارەکانم ، بۆچی هەموان بۆدەستکەوتنی شتێکی کەمی دونیا دەبینین موسابەقەو پێشبڕکێ دەکەن ؟ بۆچی بۆڕازیکردنی کەسێك دەیان قوربانی دەدەن ؟ بۆچی زۆربەی ئافرەتان بۆڕازیکردنی کەسێك بۆئەوەی تەماشای لاشەیان بکات ئامادەن زۆربەی لاشەیان بخەنە ڕوو ؟ لەبەرامبەریشدا دەبینین بەدەستی ناهێنن و نە لەدونیا سودیان پێ دەگەیەنن و نەش لەقیامەتدا لەڕیزی ئەو ئافرەتەدا خۆیان دەبیننەوە کە موژدەی بەهەشتی پێدراوە ، ئایا لای هەموان ئاشکرا نیە کە خوای پەروەردگار بەهەموومانی فەرمووە : ﴿وَسَارِعُوا إِلَى مَغْفِرَةٍ مِنْ رَبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا السَّمَوَاتُ وَالأَرْضُ...﴾. واتە " پێشبڕکێ و موسابەقە بکەن بۆگەیشتن بەلێخۆشبوونی خوای پەروەردگارو گەیشتن بەبەهەشتێك کە پانتایی یەکەی بەئەندازەی پانتایی زەوی و ئاسمانەکان دەبێت ...".

ئەگەر تەماشا بکەین ئەو ئافرەتە ئەگەر لەو ساتەدا کە لەهۆش خۆی دەچوو لاشەی دەردەکەوت ، بەتاوان لەسەری نەدەنوسرا ، چونکە ئەو ئاگای لەخۆی نەدەماو لەهۆش خۆی دەچوو ، وە تاوان لەسەر کەسێك نانوسرێت کە بێئاگا بێت و لەهۆشی

خۆی بچێت ، بەڵام پاکێتی و لەخواترسی و ڕەوشت بەرزی و تەقوای ئەو ئافرەتە بوو وای لێکرد کە ڕازی نەبێت لەوەی کە لەساتی لەهۆش خۆچوونەکەیدا تەنها بەشێك لەلاشەی دەربکەوێت ، لەکاتێکدا لەوانەشە بەشێکی کەم لەلاشەی دەربکەوتایە ، بەڵام لەم ساتە وەختەدا دەبینین ئافرەتانی موسوڵمان نەخۆشیش نین ، کەچی ئەو هەموو بەشەی لاشەیان دەخەنە ڕوو بێئەوەی تەنها ساتێکیش بەخۆیاندا بچنەوەو لەخوا بترسێن و شەرم لەخۆیان بکەن ، ئایا تەماشای هەریەکە لە (ئاسیای خێزانی فیرعەونیان کردووە ؟ چۆنماڵێکی لەبەهەشت بۆخۆی مسۆگەر کرد ؟ ئایا تەماشای مەریەمی دایکی عیسا (علیە السلام)یان کردووە ؟ ئایا تەماشای دایکی ئیمانداران (خەدیجە)یان کردووە ؟ ئایا تەماشای (فاتیمەی زەهرا) کچی پێغەمبەری خوایان کردووە کەچۆن پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) دەربارەی ئەو لەفەرمودەیەکدا دەفەرموێت : (أما ترضين أن تكوني سيدة نساء المؤمنين، أو سيدة نساء هذه الأمة ) رواه مسلم وفي رواية لغيره ( سيدة نساء أهل الجنة ). واتە "ئایا بەوە ڕازی نابیت کە ببیتە گەورەی ئافرەتانی ئیماندار ، یاخود ببیتە گەورەی ئافرەتانی ئەم ئوممەتە ؟ وە لەڕیوایەتێکی دیکەدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) پێی فەرموو : ئایا ڕازی نابیت بەوەی ببیتە گەورەی ئافرەتانی بەهەشت ؟ ".

بۆیە خوشکانی ئیماندار ، با هەموو ئافرەتێك چاو لەکەسانی پێش خۆیان بکەن لەعیبادەت و لەکارو کردارو ڕەفتارەکانیان ، چونکە هەرئەوە عیززەت و گەورەیی و ڕەوشت بەرزی بەئافرەتان دەبەخشێت ناویشیان دەچێتە پاڵ ئەو هەموو ئافرەتە بەشەرم بەڕەوشتانە ، بۆیە با هەموو خوشکانمان ڕازی بن بەوەی کە ببنە شوێنکەوتەی باشترین و گەورەترین ئافرەتی ئەم ئوممەتە و ببنە ڕەفیقی گەورەترین ئافرەتی بەهەشت بەپشتیوانی پەروەردگار.

هیوا محمد مجید (دەرچووی ك.پ.کەلار.بەشی کوردی)

## خوێنەکانی لەشی ئافرەت وحوکمی هەریەکەیان لەشەریعەتی پیرۆزی ئیسلامدا.

الحمدُ لِلهِ رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آلهِ وصحبهِ وسلم...أما بعدُ:

خوشکانی بەڕێز و خوێندکارانی ئازیز بۆ ئەم ژمارە نوێییەی بڵاوکراوەی زانست ئەم بابەتەم بۆ ئامادە کردون هیوادارم لێی سودمەندبن وهۆکارێك بێت بۆ شارەزابوون لە بابەتێکی گرنگی شەرع کەتایبەتە بەئێوەی بەڕێز، وەهیوادارم وەڵامێك بێت بۆپرسیارە شاراوەکانتان کەتائێستا لەبەر شەرم یاخود هەر هۆکارێکی تر قەتیسماوە لەناختاندا، خوشکانی ئازیز سێ جۆر خوێن هەن لە لەشی ئافرەتدا کە هەرجۆرەو حوکم وتایبەتمەندی خۆی هەیە ئەو سێ جۆرە خوێنەش ئەمانەن (خوێنی بێ نوێژی) و (خوێنی زەیسانی) و (خوێنی نەخۆشی) . ئێمە لە ژمارەی ڕابردوودا باسی یەکەم جۆرمان کرد، بەویستی خوا لەم ژمارەیەدا باسی (خوێنی زەیستانی) دەکەین.

**خوێنی بێ نوێژی < زەیستانی >**

ئەمەش دوو خاڵ دەگرێتەوە:

خاڵی یەکەم: پێناسەکەی.

خاڵی دووەم: ماوەکەی.

✐ **خاڵی یەکەم: پێناسەکەی:**

خوێنی زەیستانی: بریتیە لەو خوێنەی کە لە شوێنی منداڵبوونی ئافرەتەوە دەردەچێت بەهۆی منداڵ بوونەوە، ئەگەر لەبارچوونیش بێ.(١)

وە لەزمانی عەرەبی دا پێی دەوترێ «النفاس» لەبەر ئەوەی دەرچوونی خوێنەکە بەدوای دەرچونی نەفسێکدا دێ کە منداڵەکەیە.(٢)

## ✐ خاڵی دووەم: ماوەکەی:

لای کەمی ماوەی خوێنی زەیسانی دیاری نەکراوە ، بۆیە ئافرەتی وا هەیە تەنها لە کاتی منداڵ بوونەکەدا خوێنی لێ دێت ، بەڵام لای زۆری ماوەکەی لە چل(٤٠) ڕۆژ زیاتر تێپەڕ ناکات ، جا ئەگەر ئافرەت پێش چل ڕۆژەکە پاك بوویەوەو لە خوێن بڕا، ئەوا دەبێ خوی بشواتو دەست بکاتەوە بە نوێژ، وە ئەگەرلە چل ڕۆژ زیاتر خوێنی لێ هات ئەوە بە نەخۆشی دەژمێرێتو نابێ لە چل ڕۆژەکە زیاتر خۆی بە زەیسان بزانێ، بۆیە لە دوای ئەو چل ڕۆژە ئەگەر لە خوێنیش نەبڕێ، دەبێ خۆی بشواتو دەست بکاتەوە بە نوێژ.

بەڵگەش بۆ ئەوە: « أُمِّ سَلَمَةَ» دەفەرمووێ:

«كَانَتْ النُّفَسَاءُ تَجْلِسُ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَرْبَعِينَ يَوْمًا».

واتە «ئەو ئافرەتەی لە زەیسانیدا بوایە لە سەردەمی پێغەبەری خوادا چل ڕۆژ دادەنیشت»(٣)

ئیمامی« الترمذي » دوابەدوای ئەم «حديث»ـە دەفەرمووێ:

« وَقَدْ أَجْمَعَ أَهْلُ الْعِلْمِ مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَالتَّابِعِينَ وَمَنْ بَعْدَهُمْ عَلَى أَنَّ النُّفَسَاءَ تَدَعُ الصَّلَاةَ أَرْبَعِينَ يَوْمًا إِلَّا أَنْ تَرَى الطُّهْرَ قَبْلَ ذَلِكَ فَإِنَّهَا تَغْتَسِلُ وَتُصَلِّي فَإِذَا رَأَتْ الدَّمَ بَعْدَ الْأَرْبَعِينَ فَإِنَّ أَكْثَرَ أَهْلِ الْعِلْمِ قَالُوا لَا تَدَعُ الصَّلَاةَ بَعْدَ الْأَرْبَعِينَ وَهُوَ قَوْلُ أَكْثَرِ الْفُقَهَاءِ وَبِهِ يَقُولُ سُفْيَانُ الثَّوْرِيُّ وَابْنُ الْمُبَارَكِ وَالشَّافِعِيُّ وَأَحْمَدُ وَإِسْحَقُ ».

واتە « زانایانی صەحابەو تابیعینو دوای ئەوانیش هەمویان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە ئافرەتی زەیسان چل ڕۆژ دەست لە نوێژ هەڵدەگرێو نابێ نوێژ بکات، مەگەر پێش ئەو چل ڕۆژە پاکی بە خۆیەوە ببینێ، جا ئەگەر پێش ئەوەی چل ڕۆژەکە تەواو بکات پاکەوە بوو، ئەوا دەبێ خۆی بشوات و نوێژەکانی بکات، بەڵام ئەگەر لەدوای ئەو چل ڕۆژە خوێنی بینی ، ئەوە زۆربەی هەرەزۆری شەرعناسان دەڵێن: نابێ واز لە نوێژ کردن بهێنێ لەدوای چل ڕۆژ....».

إن شاء الله لە ژمارەکانی داهاتوودا باسی جۆری سێیەم دەکەین (خوێنی نەخۆشی ) بۆزیاتر شارەزابوون بگەڕێوە بۆ خوێندنەوەی پەرتووکی (فقهی شەرعی ئافرەتان تایبەت بەئەحکامی خوێنەکان)ی بەڕێز (د.کاوە اکرم).

**ئا/ ئەندازیار : صلاح فائق مردان.**

## پۆشاکی ئافرەتان لە ناو نوێژدا

---

(١)فقه السنة ٦٣/١.

(٢)كفاية الإخيار ٧٥/١.

(٣)**صحيح**: سنن الترمذي .**وقال الشيخ الألباني:حديث صحيح**، أنظر صحيح سنن الترمذی (١/ ٢٣٦/ ١٢٩).

الحمد لله وحده ، و الصلاة والسلام على من لا نبي بعده .و بعد :

**هەندێك لە ئافرەتان وا دەزانن نوێژكردن تەنها بریتیە لە ڕوو كردن لـە قیبلـە و ئەنجامدانی چەند جوڵەیەك و خوێندنـەوەی چـەند ئایـەت و زیكرێـك ، دەبیـنین ئـەم بیركردنەوەیە وایان لێدەكات گرنگی نادەن بەوەی كە پێویستە چ جـۆرە پۆشـاكێك لەبـەر بكـەن بۆیـە گـوێ نـادەنێ تەسـك بێـت یـان تـەنك بێـت یـان بەشـێك لـە پرچـیان یـان قاچـیان یـان قۆڵیـان بـەدەرەوە بێـت ، لەكاتێكدا ئافرەت هەموو جەستەی عەورەتە.**

**جا بابزانین پۆشاكی ئافرەتان دەبێت چۆن بێت لە ناو نوێژدا : .**

**١ . پێویستە ئافرەت لە نوێژدا پۆشاكێك لەبەر بكات هـەموو جەسـتەی داپۆشـێ جگـە لـە ڕومـەت و هـەردوو دەستی لەسەر ڕای دروست و پەسەندی زانایان .**

**٢ . پێویستە سەرپۆشێكی باش بدات بەسەریا كە تـەنك نـەبێت وە هێنـدە گـەورە بێـت هـەموو سـەری داپۆشێ بە شێوەیەك هیچ لە پرچی بە دەرەوە نەبێت ، بەڵگـەی ئەمـەش ئـەو فەرمودەیـەی دایكـە عائیـشە گێڕاویەتـەوە كە پەیامبـەری خوا ﷺ فەرمویـەتی :** ( لا يقبـلُ الله صـلاةَ حـائض إلا بخمـار ) صحيح أبي داود – (٣ / ٢٠٦)

**واتە: خوا نوێژی ئافرەتی باڵغ بوو وەرناگرێت ئیللا بە سەرپۆشەوە نەبێت .**

**٣ . نابێت بە پۆشاكی تەنكەوە نوێژ بكەن ئەگەر چی فراوانیش بوو ، چونكە وەكو ڕووت وایە بەڵگەشمان وتـەی پەیامبـەری خوایە ﷺ كە فەرمویـەتی :** (سيكون في آخر أمتي نساء كاسيات عاريات ...) رواه الطبراني في المعجم الصغير بسند صحيح. **واتە : لە ئاخری ئوممەتەكەم هەندێك ئافرەت هەن بەناو داپۆشراون بەڵام لە ڕاستیدا ڕووتن .**

**٤ . نابێت بە پۆشاكی تەسكەوە نوێژ بكەن وەك ( فانیلە و پـانتۆڵ و تراكـسۆت و هاوشـێوەكانیان ) چـونكە قـەبارەی جەسـتەیان دەردەخـات ، زۆرێـك لـە زانایـان كۆڕان لەسەر ئەوەی ئەو پۆشاكەی كە واجبە ئافرەتان لە نوێژدا لەبەری بكەن بریتیە لە ( درع وخمار )واتە : ئەو پۆشاكەی مەرجی حیجابی شەرعی تێدا بێت لەوانەش : فراوان بێت و تەسك و تەنك نەبێ و هاوشێوەی جلی بێ باوەڕان و پیاوان نەبێ .**

**لەگەڵ سەرپۆشدا .دەبینیت یەكێكیان دەچێتە نوێژەوە و پرچی یان بەشێك لە پرچی یان لـە قۆڵی یان قاچی بەدەرەوەیە لەم كاتەدا لەسەریەتی . لای زۆربەی زانایان . نوێژەكەی دوبارە بكاتەوە**

**٥ . سـەبارەت بـە پێكـانی ئـافرەت بەهـەمان شـێوە بـە عـــەورەت دەژمێـــردرێن ، و پێویـــستە داپۆشـــرێن ، داپۆشینیـــشیان بـــە گـــۆرەوەی بـــەس نیـــە ، بـــا گۆرەویـەكانیش ئەسـتور بـن ، چونكە قـەبارەی پێكـان دەردەخەن ،**

**وە بەڵگە لە سوننەت بۆ ئەمە فەرمودەكەی ابن عمر ە كە ئەفەرموێت : پەیامبەری خوا فەرمویەتی :** (( مَنْ جرّ ثوْبه خيلاء ، لم ينظر الله إليه يوم القيامة )) . فقالت أم سلمة : فكيف يصنع النّساءُ بذيولهنّ ؟ قال : يرخين شبراً . فقالت : إذن تنكشف أقدامهن ! قال : فيرخينه ذراعاً ، لا يزدن عليه .

**واتە : هەركەس بۆ فیز و تەكەبور پۆشاكەكەی شۆڕ بكاتەوە خوای پەروەردگار لە قیامەتدا تەماشای ناكات . ( أم سـلمة ) فـەرموی : ئـەی پەیامبـەری خـوا ﷺ ئافرەتـان چـی بكـەن بـە دامێنـەی كراسـەكانیان ؟ فەرمووی : با بستێك شۆڕی بكەنەوە ، ( أم سلمة ) ــ ڕەزای خوای لێ بێت . فەرمووی : كەواتە پێكانیان دەر دەكـەوێت ؟! ئـەویش فـەرمووی : بـا باڵێـك شـۆڕی بكەنـەوە ، و لـەوەش زیـاتر شـۆڕی نەكەنـەوە** سلسلة الأحاديث الصحيحة : ١٨٦٤

**البيهقـي ئەفـەرموێت : بەڵگـەی ئـەوەی تيايـە كـە داپۆشینی قاچەكان بۆ ئافرەت واجبە .**

**وە پرسیار كرا لە ئیمامی أحمد : ئافرەت لـە چـەند پۆشـاكدا نوێـژ بكـات ؟ فـەرموی : بـەلای كەمـەوە : كراسێك و سەرپۆشـێك ، وە قاچـەكانی داپۆشـێت وە**

کراسەکە ئەوەندە درێژ بێ پێکانی داپۆشی .

وە ئیمامی شافعی ئەفەرموێت : پێویستە لەسەر ئافرەت کە هەموو جەستەی لە نوێژدا داپۆشێت جگە لە هەردوو لەپ و ڕومەتی . هەروەها ئەفەرموێت : وە هەموو شتێك لە جەستەی ئافرەت عەورەتە جگە لە هەردوو لەپ و ڕومەتی . وە پشتی پێکانی عەورەتن ، بۆیە ئەگەر شتێك لە نێوان ناوك بۆ ئەژنۆی پیاو لە نوێژدا دەرکەوت یان شتێك لە پرچی ئافرەت لە نوێژدا دەرکەوت زۆربێ یان کەم وە لە جەستەی جگە لە ڕومەت و هەردوو لەپی و مەچەکی لەوە زیاتر دەرناخات بزانن یان نەزانن . هەردوکیان نوێژەکەیان دوبارە دەکەنەوە ، مەگەر بەهۆی هەڵکردنی با ئەو شوێنانە بەدەر بکەون یان بەهۆی کەوتنە خوارەوەی پۆشاکەکە .

هەروەها لەم بارەیەوە زانای پایە بەرز شێخ ابن باز ئەفەرموێت : دەرخستنی قاچەکان لە نوێژدا بۆ ئافرەتان لای زۆربەی زانایان جائز نیە و نوێژەکەی پوچەڵ دەکاتەوە . بۆیە ئەگەر ئافرەت نوێژی کرد و قاچەکانی بە دەرەوە بوون واجبە لە سەری نوێژەکەی دوبارە بکاتەوە لای زۆربەی زانایان .

کەواتە پێویستە لەسەر ئافرەتان لە نوێژدا پۆشاکێکی فراوانی ئەستور لەبەر بکەن هێندە شۆڕ بێت قاچەکانیشیان داپۆشێت ، وە سەرپۆشێکی باش بدەن بە سەریاندا . ئەمە پۆشاکی شەرعی ئافرەتانە لە ناو نوێژدا.

ماوەتەوە بڵێم : خوشکی ئیماندار ئەوەت بیر نەچێت لە نوێژکردنت دا تۆ گفتوگۆ لەگەڵ پەروەردگارت دەکەیت ، پۆشاکێك لەبەر مەکە ببێتە هۆی تورەبونی پەروەردگار لێت ، بەڵکو پۆشاکێك لەبەر بکە شایستە بێت بەو کاتەی تۆ تیایدای کە نوێژکردنە ، مەرجەکانی پۆشاکی شەرعیشمان بە کورتی لەم نوسراوەدا باس کرد تۆیش تەنها ئەوەت لەسەرە جێبەجێی بکەی .

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

**هاوار عبد الله – دەرچووی کۆمەڵایەتی.**

## فەتوای زانای پایە بەرز شێخ محمد بن صالح العثیمین دەربارەی ڤالنتاین

## (جەژنی خۆشەویستی!)

**پرسیار:** وەك دیارە لەم دواییانەدا یادی جەژنی خۆشەویستی دەگێڕدرێت (بەتایبەتی لەنێوان خوێندکاراندا) ئەوەش جەژنێکە لە جەژنەکانی گاورەکان، جل و بەرگەکان بەتەواوی دەکرێن بە سوور و گوڵی سوور دەگۆڕنەوە.....ئایا ئەم بۆنەیە چ حوکمێکی هەیە؟وە چ ئاماژەو ڕوونکردنەوەیەکتان هەیە بۆ موسڵمانان لەم بۆنەیەدا؟

**وەڵام** :بسم الله الرحمن الرحيم:

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە وە درودو سڵاو لە سەر گیانی پێغەمبەری خوا وە لەسەر خێزان و کەس وکاری ئیماندارو هاوەڵان و شوێن کەوتوانی تا ڕۆژی دوایی.

یادگێڕانی جەژنی خۆشەویستی جائیز نی یە لە بەر چەند هۆیەك:

**یەکەم:** ئەو جەژنە بیدعەیە و هیچ بنەمایەکی نی یە لە شەرع دا.

**دووەم:** ئەوە بانگت دەکات بۆ عەشق و غەرامات.

**سێهەم:** ئەوە بۆ سەرقاڵ کردنی دڵە بە شتی بێ مانا و پێچەوانەی سەلەفی صاڵحە (ڕەزای خوایان لێ بێت).

بۆیە لەم ڕۆژەدا نابێت و حەرامە کە هیچ دروشمێك ڕووبدات چ لە بواری جل و بەرگ و خواردن و خواردنەوەکان و دیاری بەخشین،وە لەسەر موسڵمانان پێویستە کە بە عزەتەوە دەست بە دینەکەیانەوە بگرن و دوای ئەوانە نەکەون.....

داوا لە خوای گەورە دەکەم کە موسڵمانان بپارێزێت لە هەموو فیتنەیەکی دیار و نادیار.

**ئا / زانست**